# گرنگیپێدانی پارتە سیاسییەکان بەبڵاوکردنەوەی بەرهەمی ڤیدیۆیی لەهەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی (٢٠١٨)دا

م.ی.هاونیاز سامی صابر*          پ.د.ابتسام اسماعیل قادر**

وشە کلیلییەکان: پارتی سیاسی، پەرلەمانی کوردستان، هەڵمەتی هەڵبژاردن، بەرهەمهێنانی ڤیدیۆیی.
https://doi.org/10.31271/jopss.10124

**پوختە**

هەڵمەتی هەڵبژاردن ڕێگاو شێوازی جۆراوجۆری هەیە، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر کاردەکات لەسەر ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کە لەهەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی (٢٠١٨)دا لەلایەن پارت و لیستە بەشدارەکان بڵاوکراونەتەوەو پارتەکان زۆرتر گرنگییان بەکام ئامرازی راگەیاندن داوەو تەنانەت ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کەبەرهەمیانهێناون و لەماوەی هەڵمەتی هەڵبـژاردنەکەدا بڵاویانکردونەتەوە کام جۆرانەبوون و گرنگی زۆرتریان بەکام جۆرەیانداوە. توێژەر هەوڵیداوە لەڕێی لایەنی پراکتیکی و بەپشت بە ستن بەڕێگای (شیکاری ناوەڕۆک)، ئامانجەکانی ئەم تویژینەوەیە بەدیبێن کە گرنگترینیان بریتیە لەدیارییکردنی جۆری ئامرازەکانی راگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان و جۆرەکانی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان و شیکردنەوەی ناوەڕۆکەکانیان بەپێی جۆری ناوەڕۆک و کەسایەتییە بەشدارەکان و پۆلێنکردنیان لەسەر بنەمای دووبارەبوونەوەو ژمارەی بڵاوکردنەوە بەرهەمەکان، بەجۆرێک کامەیان زۆرترین ژمارەی لێبەرهەمهاتووەو بلاوکراونەتەوە بەراورد بەوانیتر. ئەمە جگە لەشیکردنەوەی ماوە (کات)ی بەرهەمەکان بەپێی سەرچاوە زانستییەکان. دیارترین ئەو دەرئەنجامانەی کەتوێژەر پێی گەیشتووە بریتین لەوەی کە لایەنە سیا سییە بەشدارەکانی ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە زۆرترین گرنگییان بۆ هەردوو ئامرازی تەلەڤزیۆن و سۆشیاڵ میدیا بووە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان. ئەنجامێکی تری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە لایەنە سیا سییەکان زۆرترین گرنگییان بە بەرهەمی ڤیدیۆیی ( سپۆت) داوە بەراورد بەجۆرەکانی تری بەرهەمەکان بەمەبەستی گەیاندنی پەیامەکانیان لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا.

---

* خوێندکاری دکتۆرا/ بەشی راگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی صەلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق
hawnyaz.saber@spu.edu.iq

** بەشی راگەیاندن، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
ebtisam.qadr@univsul.edu.iq

## ملخص

## اهتمام الأحزاب السياسية بنشر المنتجات الفيديوية في الحملات الانتخابية لبرلمان كوردستان عام (٢٠١٨)

وجد طرق واساليب عديدة للحملات الانتخابية، لـذلك حـاول الباحـث في هـذه الدرا سة أن تبحـث مـدى اهـتمام الأحزاب والكتل السياسية المشاركة في انتخابات مجلس النواب الكوردستاني لسنة ٢٠١٨بنشر المـواد المـصورة في تلـك الحملات ومدى اعتمادهم على أية وسيلة إعلامية الأكثر استخدامًا لنشر المواد المصورة المنتجة، والتعرف عـلى أنـواع القوالب الفنية المنتجة للمواد المصورة وأكثرها استخدامًا في تلك الحملة. وحاول الباحث من خلال الجانب التطبيقـي للبحث والاعتماد على أداة تحليل المضمون، أن تحقق أهداف الدرا سة، ومـن أهمهـا: التعـرف عـلى نـوع الو سيلة الإعلامية لنشر المواد المصورة المنتجة ونوع القوالب الفنية للمواد المصورة و تحليل مضامينهم وفق نوع مضمون تلك المواد والشخصيات المشاركة وتصنيفهم على اساس مدى التكرار واجمالي نشر المواد المصورة، ثم تحديد القالب الفني الأكثر انتاجاً واستخداماً مقارنًة مع القوالب الفنية الأخرى للمواد المصورة في الحملـة الانتخابيـة. وقـام الباحـث أيضًـا بتحليل المدة الزمنية للمواد المصورة المنتجة. ومن أهم النتائج التي توصلت إليها الباحث، أهـتم الأحـزاب السيا سية المشاركة في الانتخابات على وسيلة التلفزيون ومواقع التواصل الاجتماعي أكثر من الوسال الاعلامية الأخرى لنشر المواد المصورة المنتجة. ومن جانب آخر، أن القالب الفني للمواد المصورة الأكثر أهتمامًا بها من قبل الأحزاب السيا سية،هي مادة (سبوت) مقارنةً مع القوالب الفنية المنتجة الأخرى في الحملة الانتخابية.



## Abstract

## Attention of political parties to publishing video products in the Kurdistan parliamentary election campaign in (2018)

Elections' campaigns have specific styles and procedures. In this study, the researcher focuses on the video products, that were produced and posted by the various political parties during the campaign of Iraqi Kurdistan region parliamentary elections in 2018. This research also concentrate on how these political parties relied on specific media channels to deliver their electoral messages to the voters, and explore what type of video products they resorted to frequently to achieve their main goals. For achieving the aims, which are determining the types of media channels that the political parties have used to disseminating their video products, analyzing their contents according to their messages, exploring the characteristics of the videos, in addition to categorizing the products and finding their repetition, the study utilized content analysis as a the main method. The most prominent findings of the study is that the political parties that participated in the Kurdistan region parliamentary elections of 2018, paid special attention to both TV medium and social media platforms to disseminate their video products during the elections campaign. Moreover, these political parties have frequently focused on a specific video type, which is spot videos, rather than other types to deliver their electoral messages.

## پێشەکی

هەڵمەتی هەڵبژاردن یەکێکە لە گرنگترین چالاکییە دیموکراتییەکانی سەردەم کە لەماوەیەکی دیاریکراوی پێش رۆژی دەنگدان لەپرۆسەی هەڵبژاردندا ئەنجامدەدرێت، بەمەبەستی کاریگەریی دروستکردن و باوەڕهێنان بەدەنگدەران تا دەنگ بدەن بەو پارت و پاڵێوراوەی کە هەڵمەتەکەی بۆ ئەنجامدەدرێت. هەروەها چەند رەگەزو شێوازێکی هەیەو پێکهێنەرو رێگاکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن و ئامرازەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن وەک ئامرازەکانی پەیوەندیی کەسی و پەیوەندیی جەماوەریی.

لەم توێژینەوەیەدا هەردوو زانستی راگەیاندن و سیا سی پێکەوە گرێدەدەین و کار دەکەین لە سەر بەکارهێنانی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن کەئامرازەکانی راگەیاندن لەم چوارچێوەیەدان، بەجۆرێك ئەو ئامرازانەی راگەیاندن کامانەن کەتوانای بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانیان هەیە، چونکە لەرێی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان بەرنامەو پلان و مێژوو دە ستکەوت و داهاتووی کاری پارت و پاڵێوراو دەخرێنەڕوو بەشێوازی کاریگەرو سەرنجڕاکێش بەمەبەستی کاریگەریی دروستکردن لەسەر بیروڕاو بڕیاردانی دەنگدەران.

توێژەر بۆ گرنگی باسەکە و زیاتر قوڵبوونەوە لەچۆنێتی کاریگەریدانانی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان، ئاماژەیداوە بەو ئامرازانەی راگەیاندن کە بەرهەمەکانیان لێوە بڵاودەکرێتەوە، چونکە تایبەتمەندیی و کاریگەریی تایبەتیان هەیە لەسەر دەنگدەران، هەربۆیە توێژەر بەرهەمە ڤیدیۆکانی خستۆتەڕوو شیکردۆتەوە چۆن و لەکام ئامراز بڵاوکراونەتەوەو جۆرەکانیان چین و ناوەڕۆکەکانیان چییە و ئەو کە سایەتی و کاراکتەرانە کێن کە بەشدارییان تێداکردوون، هەروەها ماوە (کات)ی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان چەندە؟. بۆ زیاتر خستنەڕووی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان و گرنگییان لەکاری میدیاییدا، توێژەر لەرێی توێژینەوەی زانستی (میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک)ەوە کاردەکات بەئامانجی شیکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان و خستنەڕوویان بۆ زیاتر نا ساندن و شیکردنەوەی ناوەڕۆکەکانیان.

## ١: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

### ١-١: کێشەی توێژینەوەکە

توێژەر گرنگی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی (٢٠١٨) کە لایەنەسیاسییە بەشدارەکانی هەڵبژاردنەکەوە بەئامانجی بەدە ستهێنانی زۆرترین دەنگی دەنگدەرانی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکە، هەروەها لایەنە سیا سییەکان لەرێی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن و شێواز و جۆرەکانی بڵاوکردنەوەیان و ئەو جیاوازی و تایبەتمەندییانەی کە ئامرازەکانی راگەیاندن لەچوارچێوەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان هەیانەو جیاوازی ناوەڕۆکی بەرهەمەکان دەستنیشان بکات.

توێژەر کار دەکات لەسەر ئەوەی کێشەی توێژینەوەکە لەچەند پرسیارێکی سەرەکیدا بخاتەڕوو،

وەک:

١- گرنگیپێدانی لایەنە سیاسییەکان بەبەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەچ ئاستێکدایە؟

٢- ئایا لەهەڵمەتی هەڵبژاردنـدا لایەنە سیا سییەکان گرنگـی بەکـام جـۆری بەرهەمـی ڤیـدیۆیی دەدەن بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان؟

٣- ناوەڕۆکی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی هەڵمەتی هەلبژاردنی لایەنە سیاسییەکان چین؟

٤- ئایا لایەنە سیاسییەکان تاچەند گرنگی بەڕۆڵی کەسایەتییە سیاسییەکان دەدەن بـۆ گەیانـدنی پەیامەکانیان لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا؟

هەروەها بەپێی گەڕانی توێژەر بەناو کتێبخـانەی بـواری راگەیانـدنی کوردیـدا بـۆی روونبـۆتەوە کە سەرچاوەی زانسـتی تەواومـان نیـیە لەبـواری جـۆرو کـاریگەریی بەرهەمە ڤیـدیۆییەکان و ناوەڕۆکەکانیـان لەهەڵمەتەکـانی هەڵبژاردنەکـان و گرنگیپێـدانی لایەنە سیا سییەکان بـۆ بەرهەمە ڤیدیۆییەکان بەمەبەستی گەیانـدنی پەیـامی سیا سی هەڵبـژاردن لەیەک تـوێژینەوەدا، بـۆیە تـوێژەر ئەمەی وەک کێشە و کەموکوڕی بینی کە لەم بوارەدا هەیە و جگە لەگرنگـی بەرهەمە ڤیـدیۆییەکان لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیشی لەم توێژینەوەیەدا خستۆتەڕوو.

**١-٢: ئامانجی توێژینەوەکە**

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی پێویستە ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت، لەم سۆنگەیەوە توێژەر کاردەکات لەم توێژینەوەیەدا بگات بە چەند ئەنجامێك کەگرنگترینیان:

١- خسـتەڕووی ئا ستی گرنگیپێـدانی لایەنە سیا سییەکان بەبەرهەمـی ڤیـدیۆیی لەهەڵمەتـی هەڵبژاردندا.

٢- خستنەڕووی ئەو ئامرازانەی راگەیاندن کە بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی تێدابڵاودەکرێتەوە.

٢- کـام بەرهەمـی ڤیـدیۆیی لەلایەن پـارتە سیا سییەکانەوە گرنگـی زیـاتری پێـدەدرێت بـۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکانیان.

٣- ناوەڕۆکی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان باس لەچی دەکەن.

**١-٣: گرنگی توێژینەوەکە**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی زانستییەوە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو:

١-گرێدانی هەردوو زانستی راگەیاندن و سیاسی لەیەک توێژینەوەدا.

٢- ئەم تـوێژینەوەیە گرنگـی بـۆ مامۆ ستایان و خوێنـدکارانی بـواری میـدیا و سیا سەت هەیە بەجۆرێك دەبێتە سەرچاوە بۆ توێژینەوەو وانەکانیان.

٣- ئەم توێژینەوەیە دەبێتە رێنیشاندەرو سەرچاوە بـۆ ئەو تـوێژەرانەی کە لەبـواری هەڵمەتـی هەڵبژاردنەکاندا کاردەکەن.

٥- گرنگی پێـدانی لایەنە سیا سییەکان بەئامرازەکـانی میـدیاو بەتـایبەت بەرهەمە ڤیـدیۆییەکان لەماوەی هەلمەتی هەڵیبژاردنەکاندا.

**٤-١: جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە**

بەمەبە ستی گەیشـتن بەئەنجـامێکی درو ست و زانسـتی تـوێژەر جـۆری تـوێژینەوەی وە سفی بەکارهێناوە، کەئامانجی شیکردنەوەو لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنە بۆ دیاردەکە. بەمەبە ستی گەیشـتن بەڕاستییەکانی پەیوەست بەو دیـاردەیە و خسـتنەڕووی زانیـاری ورد لەوبـارەیەوە، بەکارهێنـانی ئەم جۆرەش لەسەر بنەمای ئەوەی باشترین جۆری توێژینەوەی پەیوەستە بەبواری ڕاگەیاندن و هەڵمەتی هەڵبژاردن، چونکە لەیەککاتدا دەتوانرێت بەمیتـۆدی (شـیکاری نـاوەڕۆك) شـیکردنەوە بـۆ بەرهەمە ڤیـدیۆییەکانی هەڵمەتـی هەڵبـژاردنەکە بکـات و هەروەهـا بەمیتـۆدی (ڕووپێـوی) هەڵسـوکەوت و ئاراستەی وەرگر لەسەر پەیامەکانی نێرەر ڕووپێوبکات و شیکردنەوەیان بۆ بکات.[1]

بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشت دەبەستێت بەجۆری تـوێژینەوەی وە سفیی، بەگـرتنەبەری میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک، وەک ئەوەی بێرنـارد بێرێلسـۆن (Bernard Berelson) پێنا سەی دەکـات کە: "ڕێگـای شـیکاری نـاوەڕۆک، یەکـێکە لەشـێوازەکانی تـوێژینەوە کەبەکاردێـت بـۆ شـیکردنەوەی نـاوەڕۆکی دیـاردە یـان نـاوەڕۆکی ئاشـکرای بـابەتی میـدیایی بەوە سفێکی بابەتیـانەی، ڕێکخـراوی، ڕێژەیی".[2]

**٥-١: دیاریکردنی یەکەکانی شیکاری**

بریتییە لەکۆمەڵێک یەکەی بنەڕەتی کەهاوکاری توێژەرو خـوێنەر دەکـات بەباشـی لەوردەکـاری ئەنجامەکانی توێژینەوەکە تێبگەن، یەکەکانی شیکاری زۆرن و هەریەکەو بۆ مەبە ستێک بەکاردێـت وەک (وشە، بیرۆکە، کەسێتی، یەکە (ئامراز)، پێوەرەکانی ڕووبەر و کات "ماوە").٣

بەو پێیەی ئەم تـوێژینەوەیە کـار لە سەر بـابەتی ڤیـدیۆیی دەکـات، کەواتە تـوێژەر کـار لەگەڵ وێـنەی جـوڵاو و نو سین و گرافیـک و کارەکتەرەکـانی نـاو ڤیـدیۆکان دەکـات، بـۆیە تـوێژەر پشـت دەبەستێت بەیەکەکانی (بیرۆکە، کەسێتی، ئامراز، کات).

-بیـرۆکە "فـۆرم" (Theme)، بەمەبە ستی نا ساندنی بەرهەمە ڤیـدیۆییەکان و شـیکردنەوەی ناوەڕۆکەکانیان، تابزانرێت ناوەڕۆکەکان چین و باسی چی دەکەن و چ پەیامێکیان هەڵگرتووە.

-کە سێتی (Character)، بەمەبە ستی نا ساندنی کە سایەتی و کاراکتەرەکـانی نـاو بەرهەمە ڤیدیۆییەکان بەکارهاتووە، بەئامانجی ڕۆڵی کەسایەتی ناسراو و ئاسایی کە وەک ئەکتەر لەڤیدیۆکاندا دەرکەوتوون.

- یەکە (Item)، بەمەبەستی جیاکردنەوەی جۆری بەرهەمە ڤیدیۆییەکان و ناساندنیان.٤

[1]. سابیر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، سلێمانی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠١٦، ل٨٢.

[2]. أحمـد بـدر، علـوم الاعلام "البحـث العلمـي- المناهـج- التطبيقـات"، دار قبـاء الحديثـة للطباعـة والنشـر والتوزيـع، القاهـرة، ٢٠٠٨، ص٣٣.

[3]. هادي نعمان الهيتي، أسس وقواعد البحث العلمي، مركز البحوث والمعلومات، بغداد، ١٩٨٢، ص٨٣.

[4]. سعد سلمان المشهداني، مناهج البحث االعالمي، دار الكتاب الجامعي، الامارات العربية المتحدة، ٢٠١٧، ص٨٧.

-کات (Time)، بەئامانجی شیکردنەوەی ئەو کات و ماوەیە بەکارهاتووە کە جۆری بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەخۆیان گرتووە، بۆ دەرخستنی جیاوازی ماوەی بەرهەمێکی ڤیدیۆیی لەگەڵ بەرهەمێکی ڤیدیۆیی تر.

توێژەر میتۆدی (شیکاری ناوەڕۆك)ی بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆک و شێوازو جۆرو ماوەو پەیامی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کە لایەنە سیا سییەکان لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)دا لەرێی ئامرازەکانی راگەیاندنەوە بڵاوکراونەتەوە بەمەبە ستی ناردنی پەیامەکانی نێرەر و کاریگەریی دروستکردن لەسەر وەرگران و دەنگدەران لەهەڵبژاردنەکەدا.

**٦-١: دیاریکردنی کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لەبەرهەمە ڤیدیۆییەکانی ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ٢٠١٨ کە لەلایەنە پارتە سیاسییەکانەوە بڵاوکراونەتەوە.[1]

سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە، لەسەرجەم ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی وەک (سپۆت، فیچەر، کلیپی ریکلامی سیاسی، دۆکیومێنتاری) کە هەر سێ لایەنی سیاسی (یەکێتیی نیشتمانیی کورد ستان، بەرەو ئیصلاح، نەوەی نوێ) لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا لەئامرازەکانی (تەلەڤزیۆن، سۆشیاڵ میدیا، شاشەی دیجیتاڵی سەرشەقام) بڵاویانکردونەتەوە.

بەمەبەستی شیکردنەوەی زانیارییەکان و لێکۆڵینەوە لەبابەتی کۆمەڵگەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەرووی ناوەڕۆک و جۆر و ماوەکانیانەوە توێژەر پشتی بەستووە بەسامپڵی مەبەستدار، بۆیە هەموو ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کە لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کورد ستان (٢٠١٨)دا لەلایەن (یەکێتیی نیشتمانیی کورد ستان، لیستی بەرو ئی صلاح و جولانەوەی نوەی نوێ) کە لە(تەلەڤزیۆن، سۆشیاڵ میدیا و شاشەی دیجیتاڵی سەرشەقام) بڵاوکراونەتەوە، کە (٣٨) بەرهەمی

---

[1]. https://www.parliament.krd/mps/parties-term-5/. 8-6-2023

جێی ئاماژەیە پارت و لیستە بەشدارەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی (٢٠١٨) بریتین لە (١٦) پارت و لیست کە (١١١) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان پێکدەهێنن، بەهۆی ئەوەی ژمارەی لیستە بەشدارەکان زۆربوون، بۆیە توێژەر سامپڵێکی مەبەستداری لەپارت و لیستەکان هەڵبژارد تا کار لەسەر ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانە بکات کە ئەم پارت و لیستانە لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا بڵاویانکردونەتەوە، ئەو سێ پارت و لیستەی توێژەر وەک سامپڵی توێژینەوەکەی وەریگرتوون بریتین لە: (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەرەو ئیصلاح، نەوەی نوێ)، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە پارتی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) کە (٢١) کورسی پەرلەمانی بەدەستهێناوەو وەک پارتێکی سەرەکی و دێرینی بەشدار لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و لەهەمان کاتدا وەک پارتێکی سەرەکی لەپێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی هەرێمی کوردستاندا بەشدارە، هەروەها لیستی (بەرەو ئیصلاح) کە لەپارتە ئیسلامییەکانی (یەکگرتوو، بزوتنەوە) پێکهاتووەو (٧) کورسی پەرلەمانییان بەدەستهێناوە، ئەمانیش وەک دوو پارتی ئیسلامی لەزۆربەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا بەشدارییان کردووە. لەلایەکی دیکەوە پارتی (نەوەی نوێ) کە (٤) کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە وەک جولانەوە یان پارتێک لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ساڵی (٢٠١٨)ی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجار بەشداربووە.

ڤیدیۆییە وەربگرێت و شیبکاتەوە.

**٧-١: توێژینەوەکانی پێشوو**

١- توێژینەوەی (کاروان عەلی قادر) ٢٠٢١.[١]

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، زانین و خستنەڕووی ئاستی کاریگەری پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیایە لە سەر رەفتار و بڕیاری خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کورد ستان لەکاتی دەنگداندا لەهەڵبژاردنە گشتییەکاندا، هەروەها زانینی ئاستی بەشداریکردنیان و کارلێکیان لەگەڵ ئەو پەیامانەی تایبەت بەپرۆ سەی هەڵبژاردن کە لە سەر پلاتفۆرمەکان بڵاودەکرێنەوە. ئەم توێژینەوەیە جۆری وەسفی بەکارهێناوەو بەمیتۆدی رووپێوی کاریکردووە.

دیارترین ئەنجامەکانیش بریتین:

- لەوەی کە خوێندکاران دەکەونە ژێر کاریگەریی سۆشیال میدیا بۆ گۆڕینی بڕیارو رەفتاریان پەیوەست بەدەنگدان.

- زۆرینەی خوێندکاران متمانەیان بەبەڵێنی کاندید و لیستەکان نیە.

٢- توێژینەوەی (Soobum Lee, Won-Ki Moon. 2017)[2]

بەناونیشانی "بەکارهێنانی شێوازی گرتەی ڤیدیۆ لەریکلامی سیاسی تەلەڤزیۆنی لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆریادا"، توێژینەوەکە ئامانجی ئەوەیە جۆری ئەو ڤیدیۆی ریکلامە سیا سیانەی کە لەتەلەڤزیۆن بڵاوبۆتەوە بخاتەڕوو، هەروەها خستنەڕووی چۆنێتی ئەو بیرۆکە و ستراتیجانەی کە کاندیدەکان لەرێی گرتە ڤیدیۆییە ریکلامییەکانەوە کاریان لە سەرکردووە لەتەلەڤزیۆندا، ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەم کارە پێنج هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆریای لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٢ تا ٢٠١٢) وەرگرتووە. توێژینەوەکە بەشێوازی توێژینەوەی وەسفی و بەراوردکاری کاریکردووەو میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە.

توێژینەوەکە گرتە ڤیدیۆییەکانی بە سەر دوو گروپدا دابەشکردووە، یەکەمیان ئەو گرتە ڤیدیۆییانەی کە کاریان لەسەر دۆزەکان کردووە، ئەویتریان ئەو گرتانەی کاریان لەسەر وێنە و روانگە کردووە، هەروەها ریکلامی هەردوو حزبی سەرەکی کۆریای وەرگرتووە (پارێزگاران و ئازادیخوازەکان).

لەکۆتایدا گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەمشێوەیە بووە:

-جیاوازی هەیە لەنێوان تەکنیکی بەرهەمهێنانی زارەکی و نازارەکیدا لەریکلامەکاندا.

- حزبی پارێزگاران و ئازادیخوازان هەردووکیان چەندین پێکهاتەی نازارەکییان بەکارهێناوە، بەڵام هەردوو حزب رەگەزی وەکیەکیان لەشێوازەکانی بەرهەمهێنانی زارەکیدا بۆ بەرهەمهێنانی ریکلامەکانی

[١]. کاروان عەلی قادر، کاریگەریی سۆشیاڵ میدیا لەسەر رەفتاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لەهەڵبژاردنە گشتییەکاندا، گۆڤاری زانکۆی راپەڕین، ژمارە ٣، ٢٠٢١.

[2]. Soobum Lee, Won-Ki Moon, Videostyle of televised political advertising in Korean presidential elections, Korea Observer,2017.
https://www.researchgate.net/publication/320022280_Videostyle_of_televised_political_advertising_in_Korean_presidential_elections

هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەکارهێناوە.

٣- توێژینەوەی (Porismita Borah, Erika Fowler &Travis Nelson Ridout. 2016) [1]

بەناونیشانی "تەلەفزیۆن بەرامبەر یوتیوب: ڕیکلامی سیاسی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ٢٠١٢"

ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بەپەیوەندی نێوان بینەرو پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەورەها جیاوازی بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی ریکلامە سیا سییەکان بەشێوازی ئۆنلاین و بەشێوازی بڵاوکردنەوە لەتەلەڤزیۆندا چۆنە خراوەتەڕوو. بەپشت بە ستن بەمیتۆدی شیکاری ناوەڕۆک بۆ بەراوردکردنی هەردوو ڕیکلامی سیا سی ئۆنلاین و ڕیکلامە سیا سیە تەلەڤزیۆنییەکان لە هەڵمەتی سەرۆکایەتی ساڵی٢٠١٢ دا شیکاریی کردووە، ئەویش پشت بە ستن بە داتاکانی یوتوب و پرۆژەی میدیای وێسلیان.

توێژینەوەکە گەیشتووە بەم ئەنجامانە:

- ئەوە دەرکەوتووە کەڕیکلامە نەرێنییەکان زیاتر لە لایەن گروپەکانەوە سپۆنسەر دەکرێن وەک لە کاندیدەکان لە هەردوو ئامرازەکە (تەلەڤزیۆن و یوتیوب).

- ریکلامەکانی ئۆنلاین کەمتر نەرێنین بە بەراوردکردنی ئەو ڕیکلامانەی کە بۆ تەلەڤزیۆن کراوە.

- توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە هیچ جیاوازییەک لەتەماشاکردنی ریکلامەکاندا نیە لە نێوان ئەو ریکلامانەی کە لەتەلەڤزیۆن یان یوتیوب بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ڕیکلامی ئۆنلاین زیاتر بڵاودەکرێتەوە.

## ٢: بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەهەڵمەتی هەلبژاردنەکاندا

بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر دەنگدەران و قایلکردنیان بەدەنگدان بەلایەنێکی سیاسی دیاریکراو یان بەکاندیدێک لەهەڵبژاردنەکاندا، لایەنە سیا سییەکان وەک یەکێک لەڕێگاکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن پەنادەبەنەبەر شێوازی بەرهەمی ڤیدیۆیی و چەندین بەرهەمی ڤیدیۆیی جۆراوجۆر لەڕووی ڕەگەزی بەرهەمەکەو ناوەڕۆکی جیاواز دروستدەکەن کەئاماژەن بۆ سیا سەت و بەرنامەی لایەنە سیاسییەکە یان کاندیدەکان لەهەڵبژاردنەکەداو گرنگیدان بەدە ستکەوت و مێژووی لایەنە سیاسییەکە.

### ٢-١: هەڵمەتی هەلبژاردن

هەڵمەتی هەڵبژاردن، بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی بۆ خەڵک یان لایەنە جیاوازەکان، بە پێی ستراتیژێکی پێشوەختە، بەمەبەستی کاریگەریی دانان لەسەر دەنگدەران و قایلکردنیان بە پێویستی دەنگدان لەسەر بیرۆکەکە و هەوڵدانێک بۆ کاریگەریی درو ستکردن لە سەریان. کە لەماوەیەکی

[1]. Porismita Borah, Erika Fowler &Travis Nelson Ridout: Television vs. YouTube: political advertising in the 2012 presidential election, Journal of Information Technology & Politics, Volume 15, Issue 3, 2018. https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/19331681.2018.1476280

دیاریکراوی کە یاسا دەستنیشانیکردووە ئەنجامدەدرێت.[١]

لەلایەکی دیکەوە پەیمانگەی نەتەوەیی دیموکرا سی (National Democratic Institute) ئاماژە دەکات بەوەی کە هەڵمەتی هەڵبژاردن، چالاکییەکی سیاسییە پێکهاتووە لەکۆڕو کۆبوونەوەی گەورەو فراوان و نمایشکردنی سیا سی لەڕێی خۆپیشاندان و نمایش بەئۆتۆمبێل و بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیا بۆ گەیاندنی بەرنامەی هەڵبژاردنی پاڵێوراو یان پارتی سیا سی بەجەماوەری دەنگدەر بەئامانجی قایلکردنیان تا پشتیوانی لەبەرنامەی پارتەکە و پاڵێوراوەکە بکەن.[٢]

خالد بومخیلە پێی وایە هەڵمەتی هەڵبژاردن، چالاکییەکی سیا سییە لەماوەیەکی دیاریکراوی یاساییدا ئەنجامدەدرێت لەڕێی کۆبوونەوەی جەماوەری فراوان و نمایشکردنی سیا سی و پەیوەندی تاکەکە سی، بەهۆی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی وەک (هەموو ئامرازەکانی میدیا، ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، رووبەڕوو) کە لەڕێیانەوە پەیام و بەرنامەی هەڵبژاردنی پارتی سیا سی و پاڵێوراو بەدەنگدەران دەگەیەنرێت بەئامانجی قایلکردنیان و بەدەستهێنانی پشتیوانی و دەنگدانیان بۆ پارت و پاڵێوراوی دیاریکراو.[٣]هەڵمەتی هەڵبژاردن، بریتیە لەبەئامانجگرتنی دەنگدەر لەڕێی پەیامێکی قایلکەرەوە بەشێوەی کارکردنی بەردەوام بەپێی پلانێکی گونجاو بۆ گەیشتن بەکارکردنە سەر دەنگدەر.[٤]

### ٢-٢: بەرهەمی ڤیدیۆیی

بەرهەمی ڤیدیۆیی بریتییە لەگوا ستنەوەی بیرۆکە بۆ کۆمەڵێک وێنەی ڤیدیۆیی و دەنگ کەبەشێوەیەکی رێکخراوو بەرنامە بۆ دارێژراو رێکدەخرێن لەچوارچێوەی کارێکی تەکنیکی هاندان و سەرنجراکێشدا، بەمەبەستی گەیشتن بە جەماوەر و بینەران بەئامانجی هێنانەدی پرۆسەی تێرکردنیان لەبەرهەمەکە.[٥]

هەموو ئەو گرتەو بابەتە ڤیدیۆییانەی کە دەیانبینین بەهەموو جۆرو شێوازەکانیانەوە پێیان دەوترێت (بەرهەم) کە بۆ بەرهەمهێنانیان تا دەگاتە بینەران بەکۆمەڵێک هەنگاوی یەک لەدوای یەکی رێکخراودا تێپەڕیون، بەپێی ئەو توانا تەکنیکی و هونەرییانەی کە کاریگەری هەبووە لەسەریان. هەموو بەرهەمێکی ڤیدیۆیی بەبیرۆکەیەک دەستپێدەکات و بەفیدباگی جەماوەر لەڕێی بینینیەوە کۆتایی دێت.[٦]

---

[١]. بادیس مجاني و غالیة غضبان، الحملات الانتخابیة في الاعلام-جریدة الخبر نموذجا، دار ألفا للوثائق، الجزائر، ٢٠١٦، ص٥١.

[2]. National Democratic Institute, Election Terminology, 2014, p14.

[٣]. خالد بومخیله، العصر الجدید للحمالات الانتخابیة فی عالم التواصل الاجتماعي بإفریقیا، مجله الاتصال والصحافه، عدد٢، جزائر، ٢٠٢١، ص٩٦.

[٤]. ناتالي سلیمان، دلیل تدریبي للاحزاب السیاسیة، المعهد الدیمقراطي الوطني للشؤون الدولیة، لبنان، ٢٠٠٧، ص٥٦.

[٥] . مصطفى حمید الطائي، معاییر الجودة واالبتكار في الانتاج التلفزیوني، مجلة الباحث الاعلامي، عدد ٤٢، ٢٠١٩، ل١٠.

[٦]. توحیدة سلیمان علی أحمد، التقنیة الرقمیة وانعكاساتها علی انتاج البرامج الحواریة، توێژینەوەیەکی ماجستێری

هەر بەرهەمێکی ڤیدیۆیی (تەلەڤزیۆنی) ئامانجی ئەوەیە کە (هەواڵ و زانیاری، کەیف خۆشـی، رۆشـنبیری، پەروەردەوەو فێرکـردن) بگەیەنێـت، لەرێـی جۆرێـک لەجۆرەکـانی بەرهەمهێنـانەوە. بەمەبەستی دروستکردنی رایگشتی لەسەر ئەو ناوەرۆکەی کە پێشکەش دەکرێت.[١]

لەچوارچێوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانـدا، بەرهەمـی ڤیـدیۆیی بـریتیە لە هاوئـاهەنگی رێکخسـتن لەنێوان دەنگ و رەنگ بەپێی پرۆسەیەکی هونەری پێویست لەبەرهەمەکەدا.[٢]

بەرهەمـی ڤیـدیۆیی کـار لە سەر هەردوو هە ستی بینـین و بیسـتن دەکـات، کە لەگـرنگترین هەستەکانی مرۆڤن و راستەوخۆ پەیوەستن بەبیرو ئەندێشەی مـرۆڤەوە، هەر بـۆیە ئەو بـابەتەی کە لەرێگەی وێنە و دەنـگ و جـووڵە و رەنـگەوە پێشکەشـدەکرێت، ئاشـکرایە کە دەتوانێـت بەتەواوی سەرنجرابکێشێت.[٣]

### ٣-٢: جۆرەکانی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان

بەرهەمە ڤیدیۆییەکان جۆری زۆریان هەیە، بەڵام توێژەر تەنهـا ئەو جـۆرانە دەخـاتەروو کە لەم توێژینەوەیەدا کاریان لەسەر کراوە، کە ئەمانەن:

١- **سپۆت (Spot)**، ئەم جۆرەی بەرهەمی ڤیدیۆیی سەرەتا لەتەلەڤزیۆنەوە دەرکەوت و دواتر بۆ بەرهەمهێنانی ریکلامی (spot advertisement) پشتی پێدەبە سترا، چـونکە مـاوەی گەیانـدنی پەیـامە ڤیدیۆییەکە لەنێوان ٣٠ بۆ ٦٠ چرکەدا دەگەیەندرێت بەجەماوەر،[٤]

٢- **چیرۆکی تەلەڤزیۆنی، فیچەر (Feature)**، بـریتیە لەراپۆرتێـک بەشـێوەی چیـرۆک دەربـارەی (پرسێک یان بابەتێکی ژیان) کە روماڵی رووداوێک یـان هەواڵێـک ناکـات، واتە سروشـتێکی هەواڵـی نیە، بەڵکو چیرۆکێکی تایبەتەو هەڵقوڵاوی ناو ژیانی خەڵکە وچێژێکی تایبەتی هەیە، پەیوە ستە بەو بابەتانەی لەناو کۆمەڵگەدا جێی بایەخ و گفتوگۆن، چیرۆکەکان چیرۆکی ناخهەژێن یان خۆشـین یـان دەتوانین بڵێن (چیرۆکی خەڵکانی ئاسایین، هەندێکجاریش چیرۆکی خەڵکـانی نـاودارن) کەدەکرێـت (٦ تا ١٣) خولەک بێت.[٥] فیچەر تا نزیکەی (١٥) خولەک رێپێدراوە دروست بکرێت و دەکرێ بەزمانی گێرانەوەبێت، تەنانەت هەندێک کات تەنها کاراکتەرەکە قسە دەکات.[٦]

بەسەرنجدان لەم ناساندنانەی کەسەرچاوەکان بۆ فیچەریان کردووە بەتایبەت لەرووی ماوەکەیە،

---

بڵاونەکراوەیە پیشکەش بە زانکۆی سودان بۆ زانست و تەکنۆلۆجیا کۆلێژی خوێندنی باڵا کراوە، ٢٠١٩، ل٥٤.

[١] محمد معوض و برکات عبدالعزیز، انتاج البرامج الاذاعیة والتلفزیونیة، الطبعة الاولی، ذات السلاسل، الکویـت، ١٩٩٨، ص ١٧-١٨.

[٢] حلیمة الحبیب آدم، التطور التقني للاتصال و دوره في انتاج الاعلان وتطوره"دراسة وصفیة تحلیلیة بالتطبیق علي التلفزیون القومي"، دار المنظومة، سودان، ٢٠٠٥، ل٢٨.

[٣]. محمد منـیر سعد الدین، دراسات في التربیة الإعلامیة، المکتبة العصریة، بیروت،١٩٩٩، ل٦٥.

[4]. Pedro, Reinares & Ricardo, Reinares: Are the New Forms of Television Advertising Beneficial for the Advertisers and the TV Management? A Spanish Television Advertising Study, 2013, p170.

[٥]. محمد البقالي، کیف تحکي القصة في التلفزیون، معهد الجزیرة للاعلام، ٢٠٢٢، ص٢٢-٢٥.

[6]https://www.bbc.co.uk/bitesize/guides/zqt7k7h/revision/1. 5-3-2023.

توێژەر لەگەڵ ئەو بۆچوونەیە کە دەکرێت ماوەی ڤیچەر لەنێوان (٥ تا ١٥) خولەکدا بێت گونجاوترە، چونکە دەتوانرێت چیرۆکەکە باشتر بگات بەوەرگر و لەڕووی ماوەی ئەم جۆرە بەرهەمەوە جیاوازیی لەنێوان راپۆرت و دۆکیۆمێنتاریدا دەکات.

**٣- کلیپی ریکلامی سیاسی،** هەرچەندە ئەو سەرچاوانەی با سی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی بواری راگەیاندن دەکەن ئاماژەیان بە (کلیپی ریکلامی سیا سی) نەکردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا ئەم جۆرە بەرهەمە ڤیدیۆییەی شیکردۆتەوە، بۆیە گرنگە پێنا سەی بکات و شیبکاتەوە بەپشت بەستن بەسەرچاوە زانستییەکان.

بەشێوەیەکی گشتی کلیپی ریکلامی سیا سی پێویستە (٥) خولەک زیاتر نەبێت، چونکە بۆ بڵاوکردنەوەی لەتەلەڤزیۆن و سۆشیاڵ میدیاش ئەم کاتە گونجاوەو بینەران تەماشای دەکەن، بەڵام هەندێکجار دەگاتە (١٠) خولەک بەتایبەت ئەو کلیپانەی کە پەیوە ستن بەوتەی کاندیدەکانی هەڵبژاردنەوە.[1]

ئەو ریکلامە سیاسییانەی کەماوەکانیان درێژەو لە (٤ تا ٥) خولەک و زیاترن، هەروەها زۆربەیان بۆ کاندیدەکانی هەڵبژاردنەکان درو ست دەکرێن پێیان دەوترێت کلیپی ریکلامی سیا سی کە ناوەڕۆکەکانیان بریتییە لەوتەو وتاری کاندیدەکان و ئەو بەرنامە و پەیامەی کە بۆ هەڵبژاردنەکە هەیانە. ئەم جۆرە ریکلامانە لەهەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکای ساڵی ٢٠٠٨ بۆ ئۆباما دروستکرابوون کە لەگردبوونەوەکان و بۆنەو ئاهەنگەکانی هەڵمەتی هەلبژاردندا قسەی کردبوو.[2] دەکرێت لەکلیپی ریکلامی سیاسیدا چەندین ناوەڕۆکی سیاسی جێی ببێتەوە وەک پەیام و بەرنامەی پارتەکە و کاندیدەکان، کەدەکرێت ماوەی کلیپەکان تا (٦) خولەک بێت.[3]

**٤- بەرنامە یان فیلمی دۆکیومێنتاری،** بەپێی پێنا سەی یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ سینەمای دۆکیومێنتاری لەساڵی ١٩٤٨دا دەڵێت: هەموو شێوازەکانی تۆمارکردن لەسەر فیلم لەسەر دیاردەیەک لەدیاردە واقعییەکان و پیشاندانی لەرێی ئامرازێکی راستەوخۆی ڤیدیۆییەوە یان رێکخستنی و پاشان پیشاندانی بە مانای ڕاستی و پێویستی پێشکەش دەکرێت. بەرنامەی دۆکیومێنتاری پشت دەبەستێت بەسێ رەگەزی سەرەکی: چیرۆکی ڕووداوە راستییەکان (فاکتەکان)، کەسانی واقعی (فاکت)، شوێنی واقعی (فاکت).[4]

---

[1] Salmond, Rob. "MeTube: Political advertising, election campaigns, and YouTube.", Issues in Technology Innovation 16, 2012, pp 1-10.

[2] Ridout, Travis N., Erika Franklin Fowler, and John Branstetter. "Political advertising in the 21st century: The rise of the YouTube ad.", In APSA 2010 Annual Meeting Paper, 2010, pp 1-30.

[3] Warner, Benjamin R., Freddie J. Jennings, Josh C. Bramlett, Calvin R. Coker, Joel Lansing Reed, and Joshua P. Bolton. "A multimedia analysis of persuasion in the 2016 presidential election: Comparing the unique and complementary effects of political comedy and political advertising.", Mass Communication and Society 21, no. 6, 2018, pp720-741.

[4] إياد الداود، إرشادات أساسية في إنتاج وإخراج البرامج الوثائقية، معهد الجزيرة للاعلام، ٢٠٢٣.

بەڕای رەخنەگر جۆن گریرسۆن (Jonu greirson) کە یەکەم کەسە ناوی فیلمی دۆکیومێنتاری هێناوە لە ساڵی (١٩٢٦)[١] دەڵێت: دۆکیومێنتاری بریتییە لەمامەڵەکردنی داهێنەرانە لەگەڵ ڕوداوی ڕا ستەقینەکە و جیاکردنەوەی لەفیلمەکانی تر، ( دۆکیومێنتاری چارە سەرکردنی داهێنەرانەیە بۆ روداوە را ستەقینەکان) بەو مانایەی گوا ستنەوە و دووبارە بەرجە ستەکردنەوەی دیاردەو روداوە راستەقینەکانە، بەشێوەیەکی هونەرییانەی داهێنەرانە.[٢]

## ٣: شیکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی (٢٠١٨)

بەمەبەستی شیکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی هەر سێ پارت و لیستی بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی (٢٠١٨)، توێژەر لەم چەند خشتەیەی خوارەوەدا شیکردنەوە بۆ سەرجەم بەرهەمە ڤیدیۆییەکان دەکات، بەڵام لەو ڕوانگەیەی کەتوێژەر بەراوردکاری ناکات لەنێوان بەرهەمە ڤیدیۆییە بڵاوکراوەکانی لایەنە سیا سییەکاندا و تەنها دەیانخاتەڕوو، کەواتە بۆ ئەوەی شیکردنەوەکە روونتربێت و باشتر پەیامەکە بگات هەموو ئەو شیکردنەوانەی کەپەیوە ستە بە بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی هەر لایەنێک بەجیا پۆلێنیکردوون و شیکردنەوەیان بۆ دەکات.

### ١-٣: شیکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

### ١-١-٣: جۆرەکانی بەرهەمە ڤیدیۆییە بڵاوکراوەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پاش ئەوەی توێژەر ئەم بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کە پەیوەستن بەتوێژینەوەکەیەوە وەک ( سپۆت، فیچەر، کلیپی ریکلامی سیا سی، دۆکیومێنتاری) کە لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاویکردونەتەوە، دەردەکەوێت کە (١٦) بەرهەمی ڤیدیۆیین و دابەشبوون بە سەر جۆرەکانی بەرهەمە ڤیدیۆییەکاندا بەمجۆرە، ژمارەی ( سپۆت) کە (١١)دانەیە بەڕێژەی (٦٨.٧٥٪) لەپلەی یەکەمدایەو زۆرترین گرنگی پێدراوە لەلایەن (یەکێتیی نیشتمانیی کورد ستانەوە)، هەروەها (کلیپی ریکلامی سیا سی) بەپلەی دووەم دێت کە (٣) دانە بەڕێژەی (١٨.٧٥٪) لێ بڵاوکردۆتەوە، هەروەها بەرهەمی ڤیدیۆیی جۆری (فیچەر و دۆکومێنتاری) لە پلەی سێیەمدان و بۆ هەریەکەیان (١) دانەو بەڕێژەی (٦.٢٥٪) لێ بڵاوکراوەتەوە.

لەکۆی گشتی جۆرەکانی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان کە (١٦) بەرهەمی بڵاوکراوەیە، دەردەکەوێت کە بە پلەی یەکەم گرنگی بە (سپۆت) دراوەو کەمترین بایەخ و گرنگیش بۆ (فیچەر و دۆکیومێنتاری) دانراوە، چونکە بۆ هەریەکەیان (١) دانە بڵاوکراوەتەوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (١).

[١]. مایکل رابیگر، وەرگێڕانی حمید رضا احمدی لاری، کارگردانی مستند، چاپی چوارەم، انتشارات ساقی، تهران،٢٠٢١، ل٢٧.

[٢]. سوزان القيلني، الاتصال ووسائله ونظرياته، دار الفكري المعاصر، عين شمس، ٢٠٠٧، ص١٠٦.

ئەوەی بـۆ تـوێژەر روونبـۆتەوە (یەکێتیـی نیشـتمانیی کورد ستان) بەشـێوەیەکی گرینگییـان بەبەرهەمی (سپۆت) بەستووە، بەراورد بەجۆرەکانی تـری بەرهەمـی ڤیـدیۆیی، دیـارە ئەمەش لەبەر ئەوەی ماوەکەی کەمترەو خێراتر کاریگەریی دروستدەکات، چونکە لەدنیای ئەمڕۆدا خەڵکـی گرنگـی بەو بەرهەمە ڤیدیۆییانە دەدەن کەماوەکانیان کەمە و زۆرتر تەماشایان دەکەن.

خشتەی (١)

ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی (٢٠١٨)دا لەئامرازەکانی راگەیاندندا بڵاویکردونەتەوە

| جۆری بەرهەم | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| سپۆت | ١١ | ٦٨.٧٥ |
| فیچەر | ١ | ٦.٢٥ |
| کلیپی ریکلامی سیاسی | ٣ | ١٨.٧٥ |
| دۆکیومێنتاری | ١ | ٦.٢٥ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ٪١٠٠ |

**٢-١-٣: بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەجۆرە جیاوازەکانی ئامرازی راگەیاندندا**

بڵاوکـردنەوەی بەرهەمە ڤیـدیۆییەکان بەپێـی جـۆری بەرهەمەکە و لە سەر بنەمـای شـێوازی بڵاوکردنەوە لەئامرازەکانی راگەیاندن جیاوازییان هەیە، ئەویش بەهۆی جیاوازی بینەری ئامرازەکان و هەروەها شێوازی بڵاوکردنەوەو توانای بڵاوکرنەوەی ئامرازەکە بـۆ بەرهەمە ڤیـدیۆییەکان جیـاوازە چ لەڕووی کـات و مـاوەوە، چ لەڕووی کـوالێتییەوە، بـۆیە تـوێژەر لەخشـتەی ژمـارە (٢)دا ئەوەی روونکردۆتەوە کە بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەئامرازە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندندا چۆن بڵاوکراونەتەوە.

توێژەر لەخشتەکەدا ئەوەی روونکـردۆتەوە کە ئـامرازێکی راگەیانـدنی وەک تەلەڤزیـۆن توانـای بڵاوکردنەوەی هەموو جۆرەکانی ڤیدیۆی هەیە لە ماوە کـورتەوە تـا بەرهەمێکـی مـاوە درێـژی وەک دۆکیومێنتاری، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەم سەردەمەدا بینەران زۆرتر گرنگـی بەڤیـدیۆ مـاوە کورتەکـان دەدەن، بۆیە بەرهەمێکی ماوە کورتی وەک (سپۆت) زۆرتر گرنگی پێدراوەو بە (١١) دانەو بەڕێـژەی (٪٦٨.٧٥) لە پـلەی یەکەمـدا دێـت، هەروەهـا بەپـلەی دووەم کە (٣) دانەی لـێ بڵاوکـراوەتەوەو بەڕێژەی (٪١٨.٧٥)، (کلیپی ریکلامی سیاسی) دێت، هەروەها بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی وەک (فیچەر و دۆکیومێنتـاری) کەماوەکانیـان بە بەراورد بە دوو جـۆرەکەی تـر زۆرتـرەو کەمـتر گرنگییـان پێـدراوە هەریەکەیان و بە(١) بەرهەمی ڤیدیۆیی پلەی (سێیەم)یا گرتووە.

پلاتفۆرمەکـانی سۆشـیاڵ میـدیا بەهـۆی تایبەتمەنـدێتییان و شـێوازی بڵاوکـردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆکان گرنگی زیاتریان بە (سپۆت) داوە، لەسەر بنەمای ئەوەی ماوەکەی کورتەو بەکارهێنەرانیـان زۆرتـــر گرنگـــی بە ڤیـــدیۆ کورتەکـــان دەدەن، بـــۆیە لەکـــۆی ئەو (١٦) بەرهەمە ڤیـــدیۆییەی کەبەرهەمهێـنراون (١٥) دانەیە لەپلاتفۆرمەکـانی سۆشـیاڵ میـدیادا بڵاوکـراونەتەوە، لەنـاو ئەم (١٥) بەرهەمە ڤیدیۆییەشدا (سپۆت) بە (١١) دانەو بەڕێژەی (٪٧٣.٣٣) لەپلەی یەکەمدا دێـت، هەروەهـا

(کلیپی ریکلامی سیاسی) لە پلەی دووەمدایەو (٣) دانە بەرێژەی (٢٠٪)ی لێ بڵاوکراوەتەوە.
بەرهەمی ڤیدیۆیی فیچەر بە(١) دانەو بەرێژەی (٦.٦٦٪) پلەی سێیەمی گرتووەو (دۆکیومێنتاری) لە پلەی چوارەمدایە بە(٠) دانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢).

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی بەکارهێنەرانی سۆشیاڵ میدیا زۆرتر گرنگی بەبەرهەمە ڤیدیۆییە ماوەکورتەکانی وەک (سپۆت) دەدەن و زۆرتر جێی سەرنجیانە و کەمتر کاتیان هەیە بۆ تەماشاکردنی ڤیدیۆی ماوە درێژی وەک (دۆکیومێنتاری).

شاشەی دیجیتاڵی سەرشەقام جۆرێکی ترە لەئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ کە لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا بەکارهێنراوە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم ئامرازە توانای بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ ماوە درێژەکانی نیە، بۆیە لەکۆی ئەو (١٦) بەرهەمە ڤیدیۆییەی کە بەرهەمهێنراون تەنها ئەو (سپۆت)انەی تێدا بڵاوکراوەتەوە کەماوەکانیان تا (٦٠) چرکەیە، بۆیە (سپۆت) بە (٣) دانەو بەرێژەی (١٠٠٪) لەپلەی یەکەمدایەو جۆرەکانی تری بەرهەمە ڤیدیۆییەکان (٠) دانەیان لێ بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٢).

خشتەی (٢)

بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
لەسەر بنەمای جۆری ئامرازی ڕاگەیاندنی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیی

| جۆری ئامرازی راگەیاندن | جۆری بەرهەمەکە | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|---|
| تەلەڤزیۆن | سپۆت | ١١ | ٦٨.٧٥ |
| | فیچەر | ١ | ٦.٢٥ |
| | کلیپی ریکلامی سیاسی | ٣ | ١٨.٧٥ |
| | دۆکیومێنتاری | ١ | ٦.٢٥ |
| | کۆی گشتی | ١٦ | ٪١٠٠ |
| سۆشیاڵ میدیا | سپۆت | ١١ | ٧٣.٣٣ |
| | فیچەر | ١ | ٦.٦٦ |
| | کلیپی ریکلامی سیاسی | ٣ | ٢٠ |
| | دۆکیومێنتاری | ٠ | ٠ |
| | کۆی گشتی | ١٥ | ٪٩٩.٩٩ |
| شاشەی دیجیتاڵی سەرشەقام | سپۆت | ٣ | ١٠٠ |
| | فیچەر | ٠ | ٠ |
| | کلیپی ریکلامی سیاسی | ٠ | ٠ |
| | دۆکیومێنتاری | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | | ٣ | ٪١٠٠ |

توێژەر بۆ زیاتر روونكردنەوەی ئەم خشتەیە ئەوە دەخاتەڕوو كە بەهۆی كورتی ماوەكەی و گونجاوییەوە بۆ بڵاوكردنەوە بەرهەمی ڤیدیۆیی ( سپۆت) لەهەموو ئامرازەكانی راگەیاندنی بڵاوكردنەوەی ڤیدیۆیی بڵاوكراوەتەوە. بەهۆی ئەوەی بەشێوەیەكی گشتی بڵاوكردنەوەی ریكلام لەشاشەی دیجیتاڵی سەرشەقام، پێویستە ماوەكەی كورت بێت تا بتوانرێت تەماشا بكرێت.

**٣-١-٣: ناوەڕۆكی بەرهەمە ڤیدیۆییەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان**

لەكۆی ئەو (١٦) بەرهەمە ڤیدیۆییەی كە یەكێتیی نیشتمانیی كورد ستان لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانی (٢٠١٨)دا بڵاویكردونەتەوە، (١١) بەرهەمیان بەرێژەی (٦٨.٧٥٪) لەپلەی یەكەمدا دێت، كەگرنگییان بە پەیام و بەرنامەی لایەنە سیاسییەكە داوەو ئەو بابەتانەیان تێدا خراوەتەڕوو كەئاماژەن بۆ ئەو بەرنامەو پەیامەی یەكێتیی نیشتمانیی كورد ستان لەداهاتوودا چی دەكات بۆ هاووڵاتیان و ئەو كەرتانەی ژیان چین كە گرنگییان پێدەدەن و پێشیاندەخەن، هەروەها داوا دەكات دەنگیان پێبدەن بۆ ئارامی و ئاسایش بەرقەراربێت و هەلی كاری زیاترو خۆشگوزەرانی فەراهەمبكەن.

ناوەڕۆكی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی كەئاماژەن بۆ دەستكەوت و مێژووی پارتەكە (٣) بەرهەمی ڤیدیۆیین و بەرێژەی (١٨.٧٥٪) لەپلەی دووەمدا دێت، ئەم سێ بەرهەمە ڤیدیۆییە ئاماژەدەدەن بەو دە ستكەوتانەی كە حزبەكە لەڕابردوودا بۆ هەرێمی كورد ستانی فەراهەمكردووە چ كاتێك لەحكومەتەكانی پێشوو بەشداربووەو ئەوكاتانەشی لەمێژووەكانی رابردوواو پێش درو ستبوونی حكومەتی هەرێم و لەسەردەمی خەباتی شاخدا چۆن خەباتی كردووە بۆ ئازادی خەڵكی كوردستان.

یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان چەند بەرهەمێكی ڤیدیۆیی بڵاوكردۆتەوە لە سەر ژیان و توانای سەرۆكی لیستەكەی كە ژمارەی بەرهەمەكان (٢) دانەیەو بەرێژەی (١٢.٥٪) پلەی سێیەم و كۆتایی گرتووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣).

خشتەی (٣)

ناوەڕۆكی بەرهەمە ڤیدیۆییەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان

| ناوەڕۆك | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| پەیام و بەرنامەی لیستەكە | ١١ | ٦٨.٧٥ |
| ژیان و توانای كاندید | ٢ | ١٢.٥ |
| دەستكەوت و مێژووی پارتەكە | ٣ | ١٨.٧٥ |
| كۆی گشتی | ١٦ | ٪١٠٠ |

**٣-١-٤: ئەو كاراكتەرانەی لەبەرهەمە ڤیدیۆییەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان رۆڵیانگێڕاوە**

توێژەر لێرەدا ئاماژە بەو كاراكتەرانە دەدات كە لەبەرهەمهێنانی ڤیدیۆكاندا ڕۆڵیانگێڕاوە، ئەم دابەشكارییەش لەسەر بنەمای ئەوە پۆلێنكراوە بزانرێت تاچەند گرنگی بەڕۆڵی كە سایەتییەكاندراوە بۆ درو ستكردنی كاریگەریی لە سەر دەنگدەران و هەروەها گەنجان چۆن لەڤیدیۆكاندا

بەرجەستەکراون تا ببنە هۆی درو ستکردنی کاریگەریی لە سەر بڕیاردانی گەنجان، لەهەمانکاتدا تاچەند گرنگی بەچینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دراوەو چۆن توانراوە رەنگبدەنەوە لەبەرهەمە ڤیدیۆییەکاندا.

توێژەر بۆی روونبۆتەوە کە کاراکتەرەکانی ناو بەرهەمە ڤیدیۆییەکان بە پلەی یەکەم گرنگی بەگەنجان دراوەو لەکۆی ئەو (١٦) ڤیدیۆییەی کەبڵاوکراونەتەوە لەهەر (١٦) ڤیدیۆکەدا گەنجان رۆڵیانگێڕاوەو دووبارەبونەتەوە بەرێژەی (٤٣.٢٤٪)، هەروەها چینەکانی کۆمەڵگە بەشێوازی جیاواز لە(٥) ڤیدیۆدا و بە (١٢) جارو بەرێژەی (٣٢.٤٣٪) لەپلەی دووەمدایە، ئەو کاراکتەرانەی وەک کەسایەتی ناسراو لەڤیدیۆکاندا رۆڵیانگێڕاوە یان دەرکەوتوون لە(٤) بەرهەمی ڤیدیۆییدا بە(٩) جار دووبارەبونەتەوە بەرێژەی (٢٤.٣٢٪) لەپلەی سێیەمدایە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤).

خشتەی (٤)

کاراکتەرەکانی ناو بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

| کاراکتەرەکان | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| گەنجان | ١٦ | ٤٣.٢٤ |
| چینەکانی کۆمەڵگە | ١٢ | ٣٢.٤٣ |
| کەسایەتی ناسراو | ٩ | ٢٤.٣٢ |
| کۆی گشتی | ٣٧ | ٪٩٩.٩٩ |

**٥-١-٣: ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆیانەی کەوەک (سپۆت) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاویکردونەتەوە**

لەسەر بنەمای پێوەرە زانستییەکان توێژەر گرنگی بەوەداوە کە ماوەی ( سپۆت) دەبێت لە(٦٠) چرکە تێپەڕنەکات تا پەیامەکە بەخێرایی بگات بەوەرگر،[1] بۆیە توێژەر بۆ ئەو ( سپۆت) انەی کەماوەکەیان لە(٦٠) چرکە زیاتر نیە ژمارە (١) داناوە بۆ ئاستەکەیان و ئەو (سپۆت)انەی کە لە (٦٠) چرکە زیاترن ژمارە (٢)ی داناوە بۆ ئا ستەکەیان. کەواتە ژمارەی ئەو سپۆتانەی کە بەپێوەرە زانستییەکان لەڕووی ماوەوە بەرهەمهێنراون، لەکۆی ئەو (١١) سپۆتەی کەبڵاوکراونەتەوە بریتین لە(٥) سپۆت و لەپلەی دووەمدان بەرێژەی (٤٥.٤٥٪). بەڵام ئەو سپۆتانەی کە ماوەکانیان لە(٦٠) چرکە زیاترەو لەئا ستی (٢)دان، لەکۆی (١١) سپۆتی بڵاوکراوە بریتین لە(٦) سپۆت و بەرێژەی (٥٤.٥٤٪) لەپلەی یەکەمدان. بڕوانە خشتەی ژمارە (٥).

ئەگەر سەرنجی ئەم خشتەیە بدەن ئەوە روونبۆتەوە کە لەنیوە زیاتری (سپۆت)ەکان ماوەکانیان لەسەرو (٦٠) چرکەیە، کەواتە ئەوە دەردەکەوێت کە لەبەرهەمهێنانی سپۆتی سیاسیدا ئەو ماوەیەی کە بەپێی بنەما زانستییەکان بۆ سپۆت دیاریکراوە ناتوانێت پەیامە سیا سییەکان بەتێرو تە سەلی بگەیەنێت، یان هۆکاری درێژی پەیامە سیاسییەکانە وایکردووە ماوەی سپۆتەکان زۆرتربن لەپێوەرە

[1]. Pedro, Reinares & Ricardo, Reinares: Previous source, 2013, p170.

زانستییەکان، بۆیە دەکرێت ماوەی سپۆتە سیاسییەکان زیاتربن یان پەیامەکان کورت بکرێنەوەو بەش بەش بکرێن تاسپۆتەکان لەماوەیەکی کورت و گونجاودا بگات بەوەرگرەکانیان.

خشتەی (٥)

ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی وەک (سپۆت) بڵاوکراونەتەوە

| ژمارە | ناوی سپۆت | ماوەکەی بەچرکە | ئاست |
|---|---|---|---|
| ١ | پلانەکان | ٣٠ | ١ |
| ٢ | بەیانی دەنگدان | ١٢٠ | ٢ |
| ٣ | باپیرە | ٩٠ | ٢ |
| ٤ | رۆژنامەوان | ٩٠ | ٢ |
| ٥ | پێکەوە بەهێزین | ١١١ | ٢ |
| ٦ | دەستپێک | ٤٠ | ١ |
| ٧ | دەنگدان | ٤٥ | ١ |
| ٨ | رێنمایی دەنگدان | ٦٠ | ١ |
| ٩ | هەلی کارو خزمەت | ١١٤ | ٢ |
| ١٠ | ئارامی | ٩٠ | ٢ |
| ١١ | کوڕی مام | ٤٥ | ١ |
| کۆی گشتی | | ٨٣٥ چرکە | |

**٦-١-٣: ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کەوەک (فیچەر) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاویکردونەتەوە**

لەسەر بنەمای پێوەرە زانستییەکان توێژەر گرنگی بەوەداوە کە ماوەی (فیچەر) دەبێت لە(١٥) خولەک تێپەڕنەکات، بۆیە توێژەر بۆ ئەو (فیچەر)انەی کەماوەکەیان لە(١٥) خولەک زیاتر نیە ژمارە (١) داناوە بۆ دیاریکردنی ئاستەکەیان و ئەو (فیچەر)انەشی لە (١٥) خولەک زیاترن ژمارە (٢)ی بۆ ئاستەکەیان دیاریکردووە.

دیارە یەکێتیی نیشتمانیی کورد ستان لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا (١) فیچەری بۆ سەرۆکی لیستەکە بەرهەمهێناوەو ئەویش ماوەکەی (٧) خولەکە، بۆیە ئا ستی یەکەمی وەرگرتووە، جێی ئاماژەیە لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا چەندین فیچەر لەلایەن کاندیدەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کورد ستانەوە بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ئەم (فیچەر)انە لەلایەن کاندیدەکان خۆیانەوە بەرهەمهێنراون و بەشێوەی رەسمی لەلایەن لایەنە سیاسییەکەوە بەرهەمنەهێنراون و بڵاونەکراونەتەوە.

خشتەی (٦)

ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی وەک (فیچەر) بڵاوکراونەتەوە

| ژمارە | ناوی فیچەر | ماوەکەی بەخولەک | ئاست |
|---|---|---|---|
| ١ | قوباد تاڵەبانی | ٧ | ١ |

**٧-١-٣: ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کەوەک (کلیپی ریکلامی سیاسی) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاویکردونەتەوە**

لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا ئەو کلیپی ریکلامی سیاسییانەی کەبڵاوکراونەتەوە بریتین لە (٣) کلیپ کەماوەی یەکێکیان (٥) خولەکەو دووانەکیتر هەر یەکەو (٤) خولەکەن، بەو پێیەی هیچ پێوەرێک دانەنراوە بۆ ماوەی کلیپی ریکلامی سیاسی، بۆیە توێژەر هیچ پلە بەندییەکی بۆ نەکردوون، بەڵام بەگوێرەی سەرنجدانی توێژەر هەردوو ماوەکە گونجاون، ئەویش لەسەر بنەمای ئەوەی زۆربەی ئەو کلیپی گۆرانییانەی کەکراون ماوەکانیان لە سەرو (٤) خولەکەوەیە، هەروەها لەناو کلیپەکاندا دە ستکەوتوو مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی خراونەتەڕوو، کەدەکرێت پێویستی بە (٤) خولەک و زیاتربێت تا پەیامەکە بگاتە وەرگر.

لەلایەکی دیکەوە توێژەر لەمبارەیەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵ (هیمداد حمید محمد) کرد کە خاوەنی کۆمپانیای سولی میدیایە بۆ بەرهەمهێنانی ریکلام و بڵاوکردنەوەی کاری هونەریی، هەروەها بەرهەمهێنەری کلیپی (رێبازی مام)ە، وتی: بەشێوەیەکی گشتی ماوەی گۆرانی لە (٤) خولەک زیاترە، چونکە هەموو گۆرانییەک لەچەند کۆپلەیەک پێکدێت کە ئەم کۆپلانەش پێویستیان بەچەند کۆپلە میوزیکێک هەیە لەپێش وتن و لەپاش وتنی کۆپلە شیعرییەکانی گۆرانییەکە، بۆیە کاتێک گۆرانییەکی تایبەت بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن دروست دەکرێت دەبێت رەچاوی ئەوە بکرێت چ ڤیدیۆو وێنەیەکی لەگەڵ دادەنرێت کەگوزراشت بێت بۆ ناوەڕۆکە شیعرییەکە، هەموو ئەم رەگەزانە دەبنە هۆی ئەوەی پەیامێکی هەڵمەتی هەڵبژاردن لەڕێی کلیپێکی ریکلامی سیا سییەوە بگات بەوەرگرو دەنگدەر، ئەمەش وادەکات ماوەی کلیپەکە لە(٤) خولەک کەمتر نەبێت،[١] بڕوانە خشتەی ژمارە (٧)

خشتەی (٧)

ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی وەک (کلیپی ریکلامی سیاسی) بڵاوکراونەتەوە

| ژمارە | ناوی کلیپ | ماوەکەی بەخولەک |
|---|---|---|
| ١ | رێبازی مام | ٤ |
| ٢ | یەکێتی | ٥ |
| ٣ | لیستی ١٠٥ | ٤ |
| کۆی گشتی | | ١٣ خولەک |

[١]. چاوپێکەوتنی زانستی لەگەڵ (هیمداد حمید محمد)، خاوەنی کۆمپانیای سولی میدیا بۆ بەرهەمهێنانی ریکلام و بڵاوکردنەوەی هونەریی، سلێمانی، ١٥-٦-٢٠٢٣، ١١:٤٥ خولەکی بەیانی.

**٨-١-٣: ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کەوەک (دۆکیومێنتاری) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاویکردونەتەوە**

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کورد ستان (٢٠١٨)دا یەک بەرهەمی دۆکیومێنتاری بڵاوکردۆتەوە، کەئەویش فلمێکی دۆکیومێنتاری بووە لە سەر مێژووی خەبات و سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی حزبەکە، کە ئاماژەبووە بۆ خەبات و تێکۆشان و هێنانەدی ئاشتی و ئارامی بۆ هەرێمی کوردستان. ماوەی فیلمەکە (٣٥) خولەک بووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨).

خشتەی (٨)

ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی وەک (دۆکیومێنتاری) بڵاوکراونەتەوە

| ژمارە | ناوی دۆکیومێنتاری | ماوەکەی بەخولەک |
|---|---|---|
| ١ | ئارامی | ٣٥ |

**٢-٣: شیکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی لیستی بەرەو ئیصلاح**

١-٢-٣: جۆرەکانی بەرهەمە ڤیدیۆییە بڵاوکراوەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی لیستی بەرەو ئیصلاح

ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کەوەک ( سپۆت، فیچەر، کلیپی ریکلامی سیا سی، دۆکیومێنتاری) لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کورد ستان (٢٠١٨)دا لیستی (بەرەو ئی صلاح) بڵاویکردونەتەوە، بریتین لە (٨) بەرهەمی ڤیدیۆیی و دابەشبوون بە سەر جۆرەکانی بەرهەمە ڤیدیۆییەکاندا بەمجۆرە:

بەرهەمی ڤیدیۆیی (سپۆت) بریتیە لە(٦)دانە و بەرێژەی (٥٠٪) لەپلەی یەکەمدایەو زۆرترین گرنگی پێدراوە، هەروەها بەرهەمی ڤیدیۆیی جۆری (فیچەر) بە (٥)دانە و بەرێژەی (٤١.٦٦٪) لەپلەی دووەمدایە. (کلیپی ریکلامی سیاسی) بە (١) دانە و بەرێژەی (٨.٣٣٪) لە پلەی سێیەمدایە، بەڵام لیستی (بەرەو ئیصلاح) هیچ بەرهەمێکی دۆکیومێنتاری بڵاونەکردۆتەوە، بۆیە بەرێژەی (٠٪) لەپلەی چوارەم و کۆتاییدایە.

لەکۆی گشتی جۆرەکانی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان کە (١٢) بەرهەمی بڵاوکراوەیە، دەردەکەوێت کە بە پلەی یەکەم گرنگی بە (سپۆت) دراوەو کەمترین بایەخ و گرنگیش بۆ (دۆکیومێنتاری) دانراوە، چونکە هیچ بەرهەمێکی لێ بڵاونەکراوەتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئەوەی ماوەی بەرهەمی سپۆت کورتەو باشتر پەیام دەگەیەنێت بەوەرگران، هەروەها دۆکیومێنتاری ماوەکەی درێژەو کاتی زۆری پێویستە بۆ تەماشاکردن بۆیە گرنگی بەبەرهەمی ڤیدیۆیی دۆکیومێنتاری نەدراوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩).

خشتەی (٩)

ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی (لیستی بەرەو ئیصلاح) لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی (٢٠١٨)دا لەئامرازەکانی راگەیاندندا بڵاویکردونەتەوە

| جۆری بەرهەم | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| سپۆت | ٦ | ٥٠ |
| فیچەر | ٥ | ٤١.٦٦ |
| کلیپی ریکلامی سیاسی | ١ | ٨.٣٣ |
| دۆکیومێنتاری | ٠ | ٪٠ |
| کۆی گشتی | ١٢ | ٪١٠٠ |

**٢-٢-٣: بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەجۆرە جیاوازەکانی ئامرازی راگەیاندندا**

توێژەر لەخشتەکەدا ئەوەی روونکردۆتەوە کە ئامرازێکی راگەیاندنی وەک تەلەڤزیۆن توانای بڵاوکردنەوەی هەموو جۆرەکانی ڤیدیۆی هەیە لە ماوە کورتەوە تا بەرهەمێکی ماوە درێژی وەک دۆکیومێنتاری، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەم سەردەمەدا بینەران زۆرتر گرنگی بەڤیدیۆ ماوە کورتەکان دەدەن، بۆیە بەرهەمێکی ماوە کورتی وەک (سپۆت) زۆرتر گرنگی پێدراوەو بە (٦) دانەو بەرێژەی (٥٠٪) لە پلەی یەکەمدا دێت، هەروەها بەپلەی دووەم کە (٥) دانەی لێ بڵاوکراوەتەوەو بەرێژەی (٤١.٦٦٪)، گرنگی بە(فیچەر) دراوەو لەپلەی سێیەمیشدا (کلیپی ریکلامی سیا سی) بە (١) دانە و بەرێژەی (٨.٣٣) دێت، هەروەها بەهۆی بەرهەمنەهێنان و بڵاونەکردنەوەی دۆکیومێنتاری بەرێژەی (٠٪) لەپلەی چوارەم و کۆتاییدایە.

پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا بەهۆی تایبەتمەندێتییان و شێوازی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆکان گرنگی زیاتریان بە (سپۆت) داوە، لەسەر بنەمای ئەوەی ماوەکەی کورتەو بەکارهێنەرانیان زۆرتر گرنگی بە ڤیدیۆ کورتەکان دەدەن، بۆیە لەکۆی ئەو (١٢) بەرهەمە ڤیدیۆییەی کەبەرهەمهێنراون هەموویان لەپلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیادا بڵاوکراونەتەوە، لەناو ئەم (١٢) بەرهەمە ڤیدیۆییەشدا ( سپۆت) بە (٦) دانەو بەرێژەی (٥٠٪) لەپلەی یەکەمدا دێت، هەروەها (فیچەر) لە پلەی دووەمدایەو (٥) دانەو بەرێژەی (٤١.٦٦٪)ی لێ بڵاوکراوەتەوە.

بەرهەمی ڤیدیۆیی (کلیپی ریکلامی سیا سی) بە(١) دانەو بەرێژەی (٨.٣٣٪) پلەی سێیەمی گرتووەو (دۆکیومێنتاری) لە پلەی چوارەمدایە بە(٠) دانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٠).

لیستی بەرەو ئیصلاح گرنگی بەئامرازی شاشەی دیجیتاڵی سەرشەقام نەداوە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە، بۆیە بە (٠) ژمارە هیچ بەرهەمێکی ڤیدیۆیی لەم ئامرازە بڵاونەکردۆتەوە. ئەمەش ئەوەمان بۆ روونەدەکاتەوە کەلیستی بەرەو ئی صلاح جگە لەپلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا گرنگی نادات بەئامرازە نوێکانی تری میدیا بۆ گەیاندنی پەیامەکانی بەوەرگرو دەنگدەرانی، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٠).

خشتەی (١٠)

بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی لیستی بەرەو ئیصلاح

لەسەر بنەمای جۆری ئامرازی ڕاگەیاندنی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیی

| جۆری ئامرازی ڕاگەیاندن | جۆری بەرهەمەکە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|---|
| تەلەڤزیۆن | سپۆت | ٦ | ٥٠ |
| | فیچەر | ٥ | ٤١.٦٦ |
| | کلیپی ریکلامی سیاسی | ١ | ٨.٣٣ |
| | دۆکیومێنتاری | ٠ | ٠ |
| | کۆی گشتی | ١٢ | ٪١٠٠ |
| سۆشیاڵ میدیا | سپۆت | ٦ | ٥٠ |
| | فیچەر | ٥ | ٤١.٦٦ |
| | کلیپی ریکلامی سیاسی | ١ | ٨.٣٣ |
| | دۆکیومێنتاری | ٠ | ٠ |
| | کۆی گشتی | ١٢ | ٪١٠٠ |
| شاشەی دیجیتاڵی سەرشەقام | سپۆت | ٠ | ٠ |
| | فیچەر | ٠ | ٠ |
| | کلیپی ریکلامی سیاسی | ٠ | ٠ |
| | دۆکیومێنتاری | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | | ٠ | ٠ |

**٣-٢-٣: ناوەڕۆکی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی لیستی بەرەو ئیصلاح**

لەکۆی ئەو (١٢) بەرهەمە ڤیدیۆییەی کەلیستی بەرەو ئیصلاح لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی (٢٠١٨)دا بڵاویکردونەتەوە، (٦) بەرهەمیان بەڕێژەی (٥٠٪) لەپلەی یەکەمدا دێت، کەگرنگییان بە پەیام و بەرنامەی لیستەکە داوەو ئەو بابەتانەیان تێدا خراوەتەڕوو کەئاماژەن بۆ ئەو بەرنامەو پەیامەی کە لەداهاتوودا چیدەکەن بۆ هاووڵاتیان بەتایبەت نەهێشتنی گەندەڵی و چاکسازی گشتی دروشمی سەرەکی بەرهەمەکانە، هەروەها (٥) بەرهەمی ڤیدیۆیی لە سەر ژیان و توانای کاندیدەکانە کە بەپلەی دووەم دێت بەڕێژەی (٤١.٦٦٪).

ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کەئاماژەن بۆ دەستکەوت و مێژووی پارتەکە (١) بەرهەمی ڤیدیۆییەو بەڕێژەی (٨.٣٣٪) لەپلەی سێیەم و کۆتاییدایە. کە ئەم بەرهەمە زیاتر ئامژەیە بۆ ئەو نەهامەتی و پێشێلکارییانەی کە لەماوەکانی ڕابردوو لەلایەن حزبە دە سەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستانەوە ڕووبەڕوو هەردوو حزبی لیستی بەرەو ئیصلاح بۆتەوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (١١).

خشتەی (١١)

ناوەڕۆکی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی لیستی بەرەو ئیصلاح

| ناوەڕۆک | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| پەیام و بەرنامەی لیستەکە | ٦ | ٥٠ |
| ژیان و تواناى کاندید | ٥ | ٤١.٦٦ |
| دەستکەوت و مێژووی پارتەکە | ١ | ٨.٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٢ | ٪١٠٠ |

**٤-٢-٣: ئەو کاراکتەرانەی لەبەرهەمە ڤیدیۆییەکانی لیستی بەرەو ئیصلاح رۆڵیانگێڕاوە**

کاراکتەرەکانی ناو بەرهەمە ڤیدیۆییەکان بە پلەی یەکەم گرنگی بەکە سایەتیە ناسراوە سیا سییەکان دراوەو لەکۆی ئەو (١٢) ڤیدیۆییەی کەبڵاوکراونەتەوە لە(١٠) ڤیدیۆدا کە سایەتییە سیا سییەکان دووبارەبونەتەوەو دەردەکەون بەرێژەی (٪٦٦.٦٦)، پاشان لەپلەی دووەمدا گەنجان بە(٣) جار و بەرێژەی (٪٢٠) دەردەکەون. چینەکانی کۆمەڵگە لە(٢) ڤیدیۆدا و بە (٢) جارو بەرێژەی (٪١٣.٣٣) لەپلەی سێیەم و کۆتاییدایە. بڕوانە خشتەی ژمارە (١٢).

تـوێژەر پێـی وایە هۆکـاری ئا ستی بەرزی گرنگیـدان بەکە سایەتییە سیا سییەکان بەمەبە ستی کـاریگەریی دانـانە لە سەر دەنگـدەران بەهـۆی کارێزمـای کە سایەتییە سیا سییەکان و ئەو وتەو پەیامانەیان کەئاڕاستەی دەنگدەرانی دەکەن.

خشتەی (١٢)

کاراکتەرەکانی ناو بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی لیستی بەرەو ئیصلاح

| کاراکتەرەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کەسایەتی ناسراو | ١٠ | ٦٦.٦٦ |
| گەنجان | ٣ | ٢٠ |
| چینەکانی کۆمەڵگە | ٢ | ١٣.٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٥ | ٪١٠٠ |

**٥-٢-٣: ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کەوەک (سپۆت) لیستی بەرەو ئیصلاح بڵاویکردونەتەوە**

ژمـارەی ئەو سپۆتانەی کە لەڕووی مـاوەوە پێـوەرە زانسـتییەکان دەیـانگرێتەوەو لەئا ستی یەکەمدان، لەکۆی ئەو (٦) سپۆتەی کەبڵاوکـراونەتەوە بـریتین لە(٢) سپۆت و بەپـلەی دووەم دێـن بەرێژەی (٪٣٣.٣٣). بەڵام ئەو سپۆتانەی کە ماوەکانیان لە(٦٠) چرکە زیاترەو لەئاستی (٢)دان، لەکۆی (٦) سپۆتی بڵاوکراوە بریتین لە(٤) سپۆت و بەرێژەی (٪٦٦.٦٦) لەپلەی یەکەمـدان. بـڕوانە خشـتەی ژمارە (١٣).

خشتەی (١٣)

ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی وەک (سپۆت) بڵاوکراونەتەوە

| ژمارە | ناوی سپۆت | ماوەکەی بەچرکە | ئاست |
|---|---|---|---|
| ١ | هاووڵاتیان | ١٨٣ | ٢ |
| ٢ | بەرەو ئیصلاح | ١٥٨ | ٢ |
| ٣ | بەدەست و زمانی پاکەوە | ٢٥ | ١ |
| ٤ | پشتیوانمان بن | ١٠٢ | ٢ |
| ٥ | چاکسازی | ١٣٠ | ٢ |
| ٦ | دەنگمان پێبدەن | ٤٨ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٦٤٦ چرکە | |

**٦-٢-٣: ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کەوەک (فیچەر) لیستی بەرەو ئیصلاح بڵاویکردونەتەوە**

لەمـاوەی هەڵمەتـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی کورد ستان (٢٠١٨)دا لیسـتی بەرەو ئی صلاح (٥) فیچەری لەماوەی گشتی (٣٠) خولەکـدا بـۆ کاندیـدەکان بەرهەمهێنـاوە، کە لەڕووی مـاوەوە بەپێـی پێوەرە زانستییەکان هەموویان ماوەکانیان گونجاوەو لەنێـوان (٥-٧) خولەکـدان کەلەڕووی ئا ستەوە هەموویان لەئاستی یەکەمدان، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٤).

خشتەی (١٤)

ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی وەک (فیچەر) بڵاوکراونەتەوە

| ژمارە | ناوی فیچەر | ماوەکەی بەخولەک | ئاست |
|---|---|---|---|
| ١ | د.شێرکۆ جەودەت | ٧ | ١ |
| ٢ | ئەبوبەکر هەڵەدنی | ٧ | ١ |
| ٣ | کامیل مەحمود | ٦ | ١ |
| ٤ | لەیلا عەلی عەبدولعەزیز | ٥ | ١ |
| ٥ | سالم حەمەخان | ٥ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٣٠ خولەک | |

**٧-٢-٣: ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کەوەک (کلیپی ریکلامی سیاسی) لیستی بەرەو ئیصلاح بڵاویکردونەتەوە**

لەمـاوەی هەڵمەتـی هەڵبـژاردنەکەدا لیسـتی بەرەو ئی صلاح (١) کلیپـی ریکلامـی سیا سی بڵاوکـردۆتەوە کەمـاوەکەی (١) خـولەک و (٤٠) چـرکەیە، کە لەڕووی مـاوەوە لەئا ستی یەکەمـدایە. لەناوکلیـپ و گۆرانییەکەیـدا کە لەشـێوەی سرود وتـراوە تەنهـا وێـنەی کە سایەتی یەکەمـی هەردوو

حزبەکەی ناو لیستی بەرەو ئیصلاح پیشاندەدرێت لەگەڵ هەندێک کاری گرافیکی کە بۆ شیعرەکانی سرودی کلیپەکە کراوە، واتە هیچ جۆرە تۆمارێکی ڤیدیۆیی تێدا بەکارنەهاتووە.

خشتەی (١٥)

ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی وەک (کلیپی ریکلامی سیاسی) بڵاوکراونەتەوە

| ژمارە | ناوی کلیپی ریکلامی سیاسی | ماوەکەی بەخولەک |
| --- | --- | --- |
| ١ | بەرەو ئیصلاح | ١ خولەک و ٤٠ چرکە |

**٣-٢-٨: ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کەوەک (دۆکیومێنتاری) لیستی بەرەو ئیصلاح بڵاویکردونەتەوە**

لیستی بەرەو ئیصلاح هیچ جۆرە بەرهەمێکی دۆکیومێنتاری لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)دا بڵاونەکردۆتەوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٦).

تـوێژەر ئەوەی بـۆ روونبـۆتەوە جـگە لە بەرهەمـی (فیچەر)ەکـان کەپشـت بەشـێوازی زانسـتی بە ستراوە لەبەرهەمهێنانیانــدا، لەبەرهەمە ڤیــدیۆییەکانی تــردا گرنگــی بەبنەمــا زانســتییەکانی بەرهەمهێنان نەدراوە چ لەڕووی کوالێتییەوە چ لەڕووی تەکنیکی بەرهەمهێنانەوە.

خشتەی (١٦)

ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی وەک (دۆکیومێنتاری) بڵاوکراونەتەوە

| ژمارە | ناوی دۆکیومێنتاری | ماوەکەی بەخولەک | ئاست |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | ٠ | ٠ | ٠ |

**٣-٣: شیکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی جوڵانەوەی نەوەی نوێ**

٣-٣-١: جۆرەکانی بەرهەمە ڤیدیۆییە بڵاوکراوەکانی هەڵمەتـی هەڵبژاردنـی جـوڵانەوەی نەوەی نوێ

ئەو بەرهەمە ڤیـدیۆییانەی کەوەک ( سپۆت، فـیچەر، کلیپـی ریکلامـی سیا سی، دۆکیومێنتـاری) لەمــاوەی هەڵمەتــی هەڵبژاردنــی پەرلەمــانی کورد ستان (٢٠١٨)دا جــوڵانەوەی (نەوەی نــوێ) بڵاویکـردونەتەوە، بـریتین لە (١٠) بەرهەمـی ڤیـدیۆیی و دابەشـبوون بە سەر جۆرەکـانی بەرهەمە ڤیدیۆییەکاندا بەمجۆرە:

بەرهەمی ڤیدیۆیی (سپۆت) بریتیە لە(٦)دانە و بەڕێـژەی (٦٠٪) لەپـلەی یەکەمـدایەو زۆرتـرین گرنگی پێدراوە، هەروەها بەرهەمی ڤیدیۆیی جۆری (کلیپی ریکلامی سیاسی) بە (٤) دانە و بەڕێژەی (٤٠٪) لە پــلەی دووەمــدایە، بەڵام (نەوەی نــوێ) هــیچ بەرهەمێکــی فــیچەرو دۆکیومێنتــاری بڵاونەکردۆتەوە، بۆیە بەڕێژەی (٠٪) لەپلەی سێیەم و کۆتاییدان.

لەکۆی گشتی جۆرەکانی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان کە (١٠) بەرهەمی بڵاوکراوەیە، دەردەکەوێت کە

به پلەی یەکەم گرنگی بە (سپۆت) دراوەو بـایەخ و گـرنگیش بە (فـیچەر و دۆکیومێنتـاری) دانـراوە، چونکە هیچ بەرهەمێکیان لێ بڵاونەکراوەتەوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٧).

خشتەی (١٧)

ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی (نەوەی نوێ) لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی (٢٠١٨)دا لەئامرازەکانی راگەیاندندا بڵاویکردونەتەوە

| جۆری بەرهەم | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| سپۆت | ٦ | ٦٠ |
| فیچەر | ٠ | ٠ |
| کلیپی ریکلامی سیاسی | ٤ | ٤٠ |
| دۆکیومێنتاری | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ١٠ | ٪١٠٠ |

**٢-٣-٣: بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەجۆرە جیاوازەکانی ئامرازی راگەیاندندا**

توێژەر لەخشتەکەدا ئەوەی روونکـردۆتەوە کە ئـامرازێکی راگەیانـدنی وەک تەلەڤزیـۆن توانـای بڵاوکردنەوەی هەموو جۆرەکانی ڤیدیۆی هەیە لە ماوە کـورتەوە تـا بەرهەمێکـی مـاوە درێـژی وەک دۆکیومێنتاری، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەم سەردەمەدا بینەران زۆرتر گرنگـی بەڤیـدیۆ مـاوە کورتەکـان دەدەن، بۆیە بەرهەمێکی ماوە کورتی وەک (سپۆت) زۆرتر گرنگـی پێـدراوەو بە (٦) دانەو بەرێـژەی (٪٦٠) لە پلەی یەکەمدا دێت، هەروەها بەپلەی دووەم کە (٤) دانەی لـێ بڵاوکـراوەتەوەو بەرێـژەی (٪٤٠)، گرنگی بە (کلیپی ریکلامی سیاسی) دراوە، بەڵام بەهۆی بەرهەمنەهێنـان و بڵاونەکـردنەوەی فیچەر و دۆکیومێنتاری بەرێژەی (٪٠) لەپلەی سێیەم و کۆتاییدان.

پلاتفۆرمەکـانی سۆشـیاڵ میـدیا بەهـۆی تایبەتمەنـدێتییان و شـێوازی بڵاوکـردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆکان گرنگی زیاتریان بە (سپۆت) داوە، لەسەر بنەمای ئەوەی ماوەکەی کورتەو بەکارهێنەرانیـان زۆرتـــر گرنگـــی بە ڤیـــدیۆ کورتەکـــان دەدەن، بـــۆیە لەکـــۆی ئەو (١٠) بەرهەمە ڤیـــدیۆییەی کەبەرهەمهێنراون هەموویان لەپلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیادا بڵاوکراونەتەوە، بەمشـێوەیە ( سپۆت) بە (٦) دانەو بەرێژەی (٪٦٠) لەپلەی یەکەمدا دێـت، هەروەهـا (کلیپـی ریکلامـی سیا سی) لە پـلەی دووەمدایە بە(٤) دانەو بەرێژەی (٪٤٠).

هەروەک پێشتر توێژەر ئاماژەی پێداوە هیچ جۆرە بەرهەمێکـی وەک (فـیچەر و دۆکیومێنتـاری) بڵاونەکراوەتەوە، بۆیە بەرێژەی (٪٠) لەپلەی سێیەم و کۆتاییدان، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٨).

نەوەی نوێ بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەشاشـەی دیجیتـاڵی سەرشـەقام تەنهـا (٢) سپۆتی بڵاوکردۆتەوە لەکۆی ئەو (١٠) بەرهەمە ڤیدیۆییەی کەبەرهەمیهێناون، بڕوانە خشـتەی ژمـارە (١٨).

خشتەی (١٨)

بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی نەوەی نوێ لەسەر بنەمای جۆری ئامرازی راگەیاندنی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیی

| جۆری ئامرازی راگەیاندن | جۆری بەرهەمەکە | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|---|
| تەلەڤزیۆن | سپۆت | ٦ | ٦٠ |
| | فیچەر | ٠ | ٠ |
| | کلیپی ریکلامی سیاسی | ٤ | ٤٠ |
| | دۆکیومێنتاری | ٠ | ٠ |
| | کۆی گشتی | ١٠ | ٪١٠٠ |
| سۆشیاڵ میدیا | سپۆت | ٦ | ٦٠ |
| | فیچەر | ٠ | ٠ |
| | کلیپی ریکلامی سیاسی | ٤ | ٤٠ |
| | دۆکیومێنتاری | ٠ | ٠ |
| | کۆی گشتی | ١٠ | ٪١٠٠ |
| شاشەی دیجیتاڵی سەرشەقام | سپۆت | ٢ | ١٠٠ |
| | فیچەر | ٠ | ٠ |
| | کلیپی ریکلامی سیاسی | ٠ | ٠ |
| | دۆکیومێنتاری | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | | ٢ | ٪١٠٠ |

### ٣-٣-٣: ناوەڕۆکی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی نەوەی نوێ

لەکۆی ئەو (١٠) بەرهەمە ڤیدیۆییەی کە(نەوەی نوێ) لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کورد ستانی (٢٠١٨)دا بڵاویکردونەتەوە، هەموو بەرهەمەکان کە(١٠) دانەیەو بەرێژەی (٥٠٪) لەپلەی یەکەمدا دێت، ناوەڕۆکەکانیان گرنگییان بە پەیام و بەرنامەی لیستەکە داوەو ئەو بابەتانەیان تێدا خراوەتەڕوو کەئاماژەن بۆ ئەو بەرنامەو پەیامەی کە لەداهاتوودا چیدەکەن بۆ هاووڵاتیان بەتایبەت نەهێشتنی گەندەڵی و ژیانی نوێ و خۆشگوزەرانی دروشمی سەرەکی بەرهەمەکانەو داوادەکەن هێزی نوێ تاقیبکەنەوەو دەنگیان پێبدەن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە گەندەڵییەی کە لەو کاتەدا هەبووەو دۆخی خراپی گوزەرانی هاووڵاتیان بقۆزنەوە بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر ئاڕاستەکردنی دەنگەکانیان بەلای نەوەی نوێدا.

هیچ بەرهەمێکی ڤیدیۆیی ئاماژەنادەن بە (ژیان و توانای کاندید، دە ستکەوت و مێژووی پارتەکە) بۆیە بەرێژەی (٠٪) لەپلەی کۆتاییدان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی نەوەی نوێ لایەنێکی

سیاسی نوێیەو هیچ مێژوویەکی نیەو لەهەمانکاتـدا ئەوەنـدەی ئاڕا ستەی کارکردنیـان بـۆ نا ساندنی نەوەی نوێ بووە ئەوەندە گرنگییان بەکاندیدەکان نەداوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٩).

خشتەی (١٩)

ناوەڕۆکی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی نەوەی نوێ

| ناوەڕۆک | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| پەیام و بەرنامەی لیستەکە | ١٠ | ١٠٠ |
| ژیان و توانای کاندید | ٠ | ٠ |
| دەستکەوت و مێژووی پارتەکە | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ١٠ | ٪١٠٠ |

**٤-٣-٣: ئەو کاراکتەرانەی لەبەرهەمە ڤیدیۆییەکانی نەوەی نوێ ڕۆڵیانگێڕاوە**

کاراکتەرەکانی ناو بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی نەوەی نوێ بە پلەی یەکەم گرنگی بە(گەنجان)دراوەو لەکـۆی ئەو (١٠) بەرهەمەی بڵاوکـراوەتەوە لەهەر (١٠) ڤیـدیۆکەدا گەنجـان دووبـارەبونەتەوەو دەردەکەون بەڕێژەی (٪٧١.٤٢)، پاشان لەپـلەی دووەمـدا کە سایەتی نـاسراو بە(٣) جـار و بەڕێـژەی (٪٢١.٤٢) دەردەکەون. چینەکـانی کـۆمەڵگە لە(١) ڤیـدیۆدا و بەڕێـژەی (٪٧.١٤) لەپـلەی سێیەم و کۆتاییدایە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٠).

خشتەی (٢٠)

کاراکتەرەکانی ناو بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی نەوەی نوێ

| کاراکتەرەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کەسایەتی ناسراو | ٣ | ٪٢١.٤٢ |
| گەنجان | ١٠ | ٧١.٤٢ |
| چینەکانی کۆمەڵگە | ١ | ٪٧.١٤ |
| کۆی گشتی | ١٤ | ٪١٠٠ |

**٥-٣-٣: ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کەوەک (سپۆت) نەوەی نوێ بڵاویکردونەتەوە**

ژمـارەی ئەو سپۆتانەی کە لەڕووی مـاوەوە پێـوەرە زانسـتییەکان دەیـانگرێتەوەو لەئا ستی یەکەمدان، لەکۆی ئەو (٦) سپۆتەی کەبڵاوکـراونەتەوە بـریتییە لە(١) سپۆت و بەپـلەی دووەم دێـن بەڕێژەی (٪١٦.٦٦). بەڵام ئەو سپۆتانەی کە ماوەکانیان لە(٦٠) چرکە زیاترەو لەئاستی (٢)دان، لەکۆی (٦) سپۆتی بڵاوکراوە بریتین لە(٥) سپۆت و بەڕێژەی (٪٨٣.٣٣) لەپلەی یەکەمـدان. بـڕوانە خشـتەی ژمارە (٢١).

خشتەی (٢١)

ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی وەک (سپۆت) بڵاوکراونەتەوە

| ژمارە | ناوی سپۆت | ماوەکەی بەچرکە | ئاست |
|---|---|---|---|
| ١ | دەنگدان | ١٥ | ١ |
| ٢ | یەکەم جارمە دەنگدەدەم | ١٥٩ | ٢ |
| ٣ | سوێند | ١٢٠ | ٢ |
| ٤ | هەموومان پێکەوە ژیانێکی نوێ هەڵدەبژێرین | ٧٣ | ٢ |
| ٥ | سودی دەنگدان | ٢٢٨ | ٢ |
| ٦ | تاقیمانبکەنەوە | ١٢٠ | ٢ |
| کۆی گشتی | | ٧١٥ چرکە | |

**٦-٣-٣: ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کەوەک (کلیپی ریکلامی سیاسی) نەوەی نوێ بڵاویکردونەتەوە**

لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا ئەو کلیپی ریکلامی سیاسییانەی کەبڵاوکراونەتەوە بریتین لە (٤) کلیپ کەماوەکانیان جیاوازن بەجۆرێک (٢)دانەیان ماوەکانیان (٤ خولەکە و ٢٠ چرکە)یەو یەکێکیان (٤ خولەکە و ١٠ چرکە)یەو چوارەمدانەشیان (٢ خولەک و ٥٤ چرکە)یە. بەو پێیەی هیچ پێوەرێک دانەنراوە بۆ ماوەی کلیپی ریکلامی سیاسی، بۆیە توێژەر هیچ پلە بەندییەکی بۆ نەکردوون، بەڵام بەگوێرەی سەرنجدانی توێژەر ماوەکان گونجاون، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٢).

خشتەی (٢٢)

ماوەی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی وەک (کلیپی ریکلامی سیاسی) بڵاوکراونەتەوە

| ژمارە | ناوی کلیپی ریکلامی سیاسی | ماوەکەی بەخولەک |
|---|---|---|
| ١ | چاکسازی ئامانجمانە | ٢ خولەک و ٥٤ چرکە |
| ٢ | نەوەی نوێ | ٤ خولەک و ٢٠چرکە |
| ٣ | بەڵێ بۆ نەوەی نوێ | ٤ خولەک و ٢٠چرکە |
| ٤ | سەرکەوتن | ٤ خولەک و ١٠ چرکە |
| کۆی گشتی | | ١٥ خولەک و ٤٤ چرکە |

بەپێی سەرنجدانی توێژەر ئەوەڕوونبۆتەوە کە جوڵانەوەی نەوەی نوێ هیچ بەرهەمێکی (فیچەرو دۆکیومێنتاری) بڵاونەکردۆتەوە، بۆیە شیکردنەوە بۆ ماوەکانیان نەکراوە. توێژەر پێی وایە بەهۆی نەبوونی مێژووی جوڵانەوەکەو نەبوونی دە ستکەوتەکانی رابردوویان بەو پێیە کەیەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کورد ستان بووە بەشدارییان کردووە نەیانتوانیوە بەرهەمی دۆکیومێنتاری

بەرهەمبهێـنن، هەروەهـا ئاڕا ستەی کارکردنیـان زیـاتر بـۆ نا ساندنی جوڵانەوەکەیـان و پەیـام و بەرنامەکەیان بووە، بۆیە بەرهەمی فیچەریان دروست نەکردووە، چونکە بەرهەمی ڤیدیۆیی (فیچەر) زۆتر بۆ ناساندنی کاندید دروست دەکرێت.

## دەرئەنجام

لەئەنجامی شیکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە، تـوێژەر گەیشـت بەم دەرئەنجامانە:

١- هەر سێ لایەنە سیا سییەکە بەئا ستی جیـاواز گرنگییـان بە بەرهەمـی ڤیدیۆیـداوە بـۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و بەرنامەکەیان لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی (٢٠١٨)دا.

٢- بەشـێوەیەکی سەرەکی لایەنە سیا سییەکان لەهەرێمـی کورد ستان گرنگییـان بەبەرهەمـی ڤیدیۆیی ( سپۆت)داوە بـۆ بڵاوکـردنەوەی پەیامەکانیـان لەهەڵمەتـی هەڵبـژاردنەکەدا دیـارە ئەمەش لەبەر ئەوەی ماوەکەی کەمترەو خێراتر کاریگەریی دروستدەکات، چونکە لەدنیـای ئەمـڕۆدا خەڵکـی گرنگی بەو بەرهەمە ڤیدیۆییانە دەدەن کەماوەکانیان کەمە.

٣- یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەهەردوو لایەنەکەی تر زۆرتر گرنگی بە(سپۆت)داوە بەوپێیەی لە(١٦) بەرهەمی ڤیدیۆیی بڵاوکراوە (١١) سپۆتی بەرێژەی (٦٨.٧٥٪) بڵاوکردۆتەوە.

٤- ئەو بەرهەمە ڤیـدیۆییانەی کە گرنگییـان بە پەیـام و بەرنـامەی لایەنە سیا سییەکانداوەو ئەو بابەتانەیان تێدا خراوەتەڕوو کەئاماژەن بۆ ئەو بەرنامەو پەیامەی لایەنە سیاسییەکە لەداهاتوودا چـی دەکەن بۆ هاووڵاتیان و چۆن خزمەتیـان دەکەن. لەپـلەی یەکەمـی هەمـوو بەرهەمە ڤیـدیۆییەکانی تردایە.

٥- ناوەڕۆکی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان بەپێی تایبەتمەنـدێتی لایەنە سیا سییەکان دەگۆڕێـت، وەک ئەوەی (یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و لیستی بەرەو ئیصلاح) لەچەنـد ناوەڕۆکێکـدا با سی مێـژووی پارتەکانیان دەکەن، بەڵام (نەوەی نوێ) هیچ بەرهەمێکی ڤیدیۆیی نیە باسی مێژووی پارتەکە بکـات. ئەمەش بەهۆی تازەیی دروستبوونی نەوەی نوێ و نەبوونی مێژووی پارتەکە.

٦- بەرهەمە ڤیـدیۆییەکانی هەر سێ لایەنە سیا سییەکە ڕۆڵـی کە سایەتییە سیا سیەکانی تێـدا ڕەنگـــدەداتەوە، بەڵام لیســـتی (بەرەو ئیـ صلاح) لەپـــلەی یەکەمـــدا دێـــت و لەزۆربەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکاندا پشتی بەستووە بەکەسایەتییە سیاسییەکان بەمەبەستی کاریگەریی دروستکردن لەسەر ئاڕاستەکردنی دەنگدەران.

٧- بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و نەوەی نوێ) گرنگی بەرچاویـان بە (گەنجان) داوە بەپێی ئەوەی لەزۆربەی بەرهەمەکاندا کاراکتەری گەنج رۆڵی سەرەکییان تێـداگێڕاوە. بەئامانجی ئاڕاستەکردنی دەنگی گەنجان لەبەرژەوەندی خۆیان.

٨- هەرسێ ئامرازی ڕاگەیاندنی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ بەکارهاتوون بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان، زۆرترین بڵاوکردنەوەش لەئامرازی تەلەڤزیۆن بووە، هەروەها لیستی بەرەو ئیصلاح هیچ بەرهەمێکی ڤیـدیۆیی لەشاشـەی دیجیتـاڵی سەرشـەقام بڵاونەکـردۆتەوە. ئەمەش ئەوە ڕوونـدەکاتەوە کە لیسـتی

بەرەو ئیصڵاح گرنگی نەداوە بەئامرازە نوێکانی پەخشی ڤیدیۆیی.

**راسپاردەکان**

توێژەر ئەم راسپاردانە دەخاتەڕوو بەئامانجی کارکردن لەسەریان

١- توێژەران لەم بوارەدا توێژینەوەی زیاتر بکەن بەئامانجی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی.

٢- لایەنە سیاسییەکان گرنگی بدەن بەبڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڤدیۆییەکان لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، بەمەبەستی کاریگەریی دروستکردن لەسەر بڕیاردانی دەنگدەران.

٣- زۆرترین گرنگی لایەنە سیاسییەکان بۆ بەرهەمی ڤدیۆیی ( سپۆت) بێت، چونکە ماوەکەی کەمەو زۆرتر گرنگی پێدەدرێت لەلایەن دەنگدەرانەوە.

٤-هەندێک سەرچاوە هەن، نو سەرەکانیان کە سانی پسپۆرو شارەزانین لەبوارەکەدا، پشتیان پێنەبەسترێت وەک سەرچاوە.

٥- توێژینەوە بکرێت بە بەکارهێنانی میتۆدو ئامرازی جیاواز لەسەر هەمان بابەت.

## سەرچاوەکان


١. أحمـد بـدر، علـوم الاعلام "البحـث العلمـي- المناهـج- التطبيقـات"، دار قبـاء الحديثـة للطباعـة والنشـر والتوزيـع، القاهـرة، ٢٠٠٨.
٢. إياد الداود، إرشادات أساسية في إنتاج وإخراج البرامج الوثائقية، معهد الجزيرة للاعلام، ٢٠٢٣.
٣. باديـس مجانـي و غاليـة غضبـان، الحمـلات الانتخابيـة فـي الاعلام-جريـدة الخبـر نموذجـا، دار ألفـا للوثائـق، الجزائـر، ٢٠١٦.
٤. البقالي، محمد: كيف تحكي القصة في التلفزيون، معهد الجزيرة للاعلام، ٢٠٢٢.
٥. توحيدة سليمان على أحمد، التقنية الرقمية وانعكاساتها على انتاج البرامج الحوارية، توێژینەوەیەکی ماجستێری بڵاونەکراوەیە پیشکەش بە زانکۆی سودان بۆ زانست و تەکنۆلۆجیا کۆلێژی خوێندنی باڵا کراوە، ٢٠١٩.
٦. چاوپێکەوتنی زانستی لەگەڵ (هیمداد حمید محمد)، خاوەنی کۆمپانیای سولی میدیا بۆ بەرهەمهێنانی ریکلام و بڵاوکردنەوەی هونەریی، سلێمانی، ١٥-٦-٢٠٢٣، ١١:٤٥ خولەکی بەیانی.
٧. حليمة الحبيب آدم، التطور التقني للاتصال و دوره في انتاج الاعلان وتطوره"دراسة وصفية تحليلية بالتطبيق علي التلفزيون القومي"، سودان، دار المنظومة، ٢٠٠٥.
٨. خالد بومخيله، العصر الجديد للحمالات الانتخابية فى عالم التواصل الاجتماعي بإفريقيا، مجله الاتصال والصحافه، عدد٢، جزائر، ٢٠٢١.
٩. سابیر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، سلێمانی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠١٦.
١٠. سعد سلمان المشهداني، مناهج البحث االعالمي، الامارات العربية المتحدة، دار الكتاب الجامعي،٢٠١٧.
١١. سوزان القيلني، الاتصال ووسائله ونظرياته، دار الفكري المعاصر، عين شمس، ٢٠٠٧.
١٢. کاروان عەلی قادر، کاریگەریی سۆشیاڵ میدیا لەسەر رەفتاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لەهەڵبژاردنە گشتییەکاندا، گۆڤاری زانکۆی راپەڕین، ژمارە ٣، ٢٠٢١.
١٣. مايكل رابيگر، وەرگێرانی حميد رضا احمدی لاری، کارگردانی مستند، چاپی چوارەم، انتشارات ساقی، تهران، ٢٠٢١.
١٤. محمد معوض و بركات عبدالعزيز، انتاج البرامج الاذاعية والتلفزيونية، ذات السلاسل، الكويت، الطبعة الاولى، ١٩٩٨.
١٥. محمد منـير سعد الدين، دراسات في التربية الإعلامية، المكتبة العصرية، بيروت، ١٩٩٩.
١٦. مصطفى حميد الطائي، معايير الجودة واالبتكار في الانتاج التلفزيوني، مجلة الباحث الاعلامي، عدد ٤٢، ٢٠١٩.
١٧. ناتالي سليمان، دليل تدريبي للاحزاب السياسية، المعهد الديمقراطي الوطني للشؤون الدولية، لبنان، ٢٠٠٧.
١٨. هادي نعمان الهيتي، أسس وقواعد البحث العلمي، مركز البحوث والمعلومات، بغداد، ١٩٨٢.

19. https://www.bbc.co.uk/bitesize/guides/zqt7k7h/revision/1. 5-3-2023.
20. https://www.parliament.krd/mps/parties-term-5/. 8-6-2023
21. https://www.researchgate.net/publication/320022280_Videostyle_of_televised_political_advertising_in_Korean_presidential_elections.
22. https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/19331681.2018.1476280
23. National Democratic Institute, Election Terminology, 2014.
24. Pedro, Reinares & Ricardo, Reinares: Are the New Forms of Television Advertising Beneficial for the Advertisers and the TV Management? A Spanish Television Advertising Study, 2013.
25. Porismita Borah, Erika Fowler &Travis Nelson Ridout: Television vs. YouTube: political advertising in the 2012 presidential election, Journal of Information Technology & Politics, Volume 15, Issue 3, 2018.
26. Ridout, Travis N., Erika Franklin Fowler, and John Branstetter. "Political advertising in the 21st century: The rise of the YouTube ad.", In APSA 2010 Annual Meeting Paper, 2010.
27. Salmond, Rob. "MeTube: Political advertising, election campaigns, and YouTube.", Issues in Technology Innovation 16, 2012.
28. Soobum Lee, Won-Ki Moon, Videostyle of televised political advertising in Korean presidential elections, Korea Observer,2017.
29. Warner, Benjamin R., Freddie J. Jennings, Josh C. Bramlett, Calvin R. Coker, Joel Lansing Reed, and Joshua P. Bolton. "A multimedia analysis of persuasion in the 2016 presidential election: Comparing the unique and complementary effects of political comedy and political advertising.", Mass Communication and Society 21, no. 6, 2018.